# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی


ژمارە ٦٧ – ٢٠٢٦

گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر

پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین

د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:

پ. د. قەیس کاکل تۆفیق

پ. د. بەختیار سەجادی

پ. د. فەرهاد قادر کەریم

پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان

پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف

پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:

پ. هـ د. میشێل لیزەنبێرگ

پ. د. مارتن ڤان برونسن

پ. د. جەلیلی جەلیل

پ. د. ساڵح ئاکین

پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی

پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک

پ. هـ د. هاشم ئەحمەدزادە



Web: journal.ka.gov.krd

ISSN: 2520- 4106

هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە

**گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی**

گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، ئەکادیمیای کوردی دەری دەکات، بایەخ بە توێژینەوەی ڕەسەن و پێشکەوتوو لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا ، فۆلکلۆر، کۆمەڵناسی، فەلسەفە، زانستی کردەکی، توێژینەوەی بەراوردکارانە، نێوان بوارە زانستییەکان، فەرهەنگناسیی کوردی، کولتووری کوردی بەگشتی دەدات. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی ڕەسەنەوە، بایەخێکی زۆر بە کێشەی زاراوەسازی لە هەموو ئەو بوارانەدا دەدا. ئەم گۆڤارە توێژینەوە بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، درێژەی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کوردییە کە پێشتر لە سەردەمی کۆڕی زانیاری کوردیدا دەردەچوو، چەندان نووسەر و توێژەری پێشکەوتووی کورد کاریان تێدا دەکرد و بەرهەمی ڕەسەنیان تێدا بڵاودەکردەوە.

ئەمڕۆش، ئەم گۆڤارە، بە هەمان ڕوانینی ڕەسەن و وردەکارانەوە، لە ڕێگەی دەوڵەمەندکردن و پێشخستنی ئاستی توێژینەوەی زانستی لەو بوارانەدا، درێژە بە خزمەتی خۆی دەدات. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، خواست و هیوای زۆری هەیە، لە ئاییندەیەکی نزیکدا، گەشە بە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ئەکادیمی توێژینەوەی کوردی بدات، بە تایبەتی لە ڕووی نوانەسازی و ئاماژەپێوی ئاستێکی ئەکادیمیی جیهانی بەدەست بهێنێت. ئامانجی ئەم گۆڤارە، بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستیی ڕەسەن و پێشکەوتووە، ژمارەی یەکەمی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی لە ساڵی ٢٠٠٢ دا بڵاو بووەتەوە. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەسەند کراوە و بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.


❊ ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک

❊ دیزاین: هەرێم عوسمان

❊ ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:

Web: journal.ka.gov.krd

❊ ئیمێڵ: journal@ka.gov.krd

❊ مۆبایل: 009647508375575

نەکادیمیای کوردی
KURDISH ACADEMY

# مجلة الاكاديمية الكوردية

العدد ٦٧ – ٢٠٢٦
مجلة علمية فصلية

(رئيس الاكاديمية الكوردية و صاحب الامتياز)
**حەمەسەعید حەسەن**

رئيس التحرير
**أ. د. محسن احمد عمر**

مدير التحرير
**د. بخشان فهمى فرحو**

هيئة التحرير
أز د. قيس كاكل توفيق
أ. د. بختيار سجادى
أ. د. فرهاد قادر كريم
أ. م. د. احمد محمد مام عثمان
أ. م. د. عبدالواحد ادريس شريف
أ. م. د. نوزاد احمد اسود
د. لزكين عبدالواحد احمد

هيئة المستشارين
أ. د. ميشيل ليزنبيرك
أ. د. مارتن فان برونسن
أ. د جليل جليلى
أ. د. سالح اكين
أ. د. جعفر الشيخ لاسلامى
أ. د. عبدالرحمن اداك
أ. د. هاشم احمدزادة

اربيل/ شارع هەلەبجە
ISSN: 2520- 4106
Web: journal.ka.gov.krd

## مجلة الأكاديمية الكوردية

هذه مجلة علمية موسمية تصدر عن الأكاديمية الكوردية. تسلط الضوء على الأبحاث الأصيلة والمتقدمة في مجالات اللغة والأدب والتاريخ والجغرافيا والفلكلور وعلم الاجتماع والفلسفة والعلوم التطبيقية، بالإضافة إلى الدراسات المقارنة والمتعددة التخصصات. تولي مجلة الأكاديمية الكوردية أهمية كبيرة لمسألة المصطلحات في جميع هذه المجالات، لا سيما من خلال نشر الأبحاث الأصيلة. تنشر المجلة بحوثا بالكوردية والعربية والإنجليزية. وهي امتداد لمجلة المجمع العلمى الكوردي، التي كانت تصدر سابقا في إطار هذا المجمع. وقد ساهم فيها العديد من المؤلفين والباحثين الكورد المعروفين ونشروا أعمالا أصيلة.

تواصل هذة المجلة المهمة نفسها من خلال إثراء وتحسين مستوى البحث العلمي في جميع المجالات. يهدف مجلة الأكاديمية الكوردية إلى رفع المستوى العلمي والأكاديمي للبحث الكوردي في المستقبل القريب وتحقيق شهرة دولية من حيث الفهرسة. ولذلك، فإن هدف المجلة هو نشر بحوث علمية مبتكرة ومتقدمة للغاية. نشرت العدد الأول من المجلة في سنة ٢٠٠٢. مجلة الأكاديمية الكوردية معتمدة من قبل وزارة التعليم العالي والبحث العلمي في حكومة إقليم كوردستان ومعترف بها للترقيات العلمية.


* منسق شؤون المجلة: ئيمان نەجات ئاغۆک
* اخراج الفني: هەرێم عوسمان


* موقع مجلة الأكاديمية الكوردية:
Web: journal.ka.gov.krd
* البريد الكتروني: journal@ka.gov.krd
* موبايل: 009647508375575

وەرگرتن: ٢٠٢٦/٢/١
پەسەندکردن ٢٠٢٦/٥/٤

# بەردەوامیی بەرهەمهێنانی واتای نیشانەکانی ناو دەقی (کورسی)ی شێرکۆ بێکەس لەژێر تیشکی سیمۆسیسدا

ماریا جلال عبدالمحمد
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین
marialawrani@gmail.com

پ. د. سەردار ئەحمەد گەردی
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین
dr.sardargardy@gmail.com

پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (بەردەوامیی بەرهەمهینانی واتا لەژێر تیشکی سیمۆیس بۆ نیشانەکانی ناو دەقی (کورسی)ی شێرکۆ بێکەس)، هەوڵێکە بۆ باسکردن و ڕوونکردنەوەی چۆنێتی بەردەوامی لە بەرهەمهێنانی واتا لەژێر ڕۆشنایی کارکردنی (سیمۆسیس)، کارکردنی سیمۆسیس هەمان کارکردنی (هزر) بەرجەستەدەکات، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵمانداوە ڕۆڵی توخمی (ڕاڤەکار)ی نیشانە کە یەکسانە بە چەمکی (دیالۆگی هزر)، وەک ڕۆڵی سەرەکی لە میکانیزمی بەردەوامیی لە بەرهەمهێنانی نیشانەدا، ڕوونبکەینەوە، لەلایەکی دیکەوە ئەم توێژینەوەیە دەپەرژێتە سەر چۆنێتی ئەنجامدانی پرۆسەی تەئویلی نیشانە لەناو دەقی ئەدەبیدا لەبەر ڕۆشنایی کارکردنی سیمۆسیس لە بەردەوامیی بەرهەمهێنانی نیشانەدا کە هەمان میکانیزمی کارکردنی هزر بەرجەستەدەکات لە بەردەوامیی بەرهەمهێنانی واتادا، بۆ ئەم مەبەستەش دەقی (کورسی) هی شاعیری مەزنی گەلەکەمان (شێرکۆ بێکەس)مان وەرگرتووە و چەند نیشانەیەکمان دیاریکردووە و بەو شێوازەی کە هزر لە بەردەوامیی بەرهەمهێنانی واتادا کاردەکات، تەئویلمان بۆ نیشانەکان کردووە.

کلیلە وشەکان: نیشانە، سیمۆسیس، ڕاڤەکار، هزر، ڕەخنەی نوێ.

## ١-١ پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە کە لە سەرەوەدا ناونیشانەکەیمان دیاریکردووە، توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوی تێزی دکتۆرایە. ئەم توێژینەوەیە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە تەواوی شتەکانی دەوروبەری مرۆڤ وەک نیشانە کاردەکەن واتە هەمووی خۆی شتێکە و شتێکی دیکە دەڵێت. باسی پێکهاتەی سیمۆسیسمان کردووە کە هەمان پێکهاتەی نیشانەیە لای (پێرس)، پێرس هەوڵیداوە لەدووتوێ (سیمۆسیس)ەوە میکانیزمی کارکردنی هزری مرۆڤ لە پرۆسەی ئیدراکدا یاخود بڵێین لە گرتنی نیشانە/واتادا ڕوونبکاتەوە چونکە پێرس بۆی دەرکەوت کە هەموو شتێک وەک نیشانە کاردەکات واتە خۆیان شتێکن کەچی شتێکی دیکە دەڵێن بۆیە پێرس ڕوونکردنەوەی میکانیزمی کارکردنی هزری مرۆڤ لە گرتنی نیشانەدا بە پێویست زانی و ئیدی چەمکی (سیمۆسیس)

ی هەڵهێنجا. لەلایەکی دیکەوە هەوڵمانداوە کرۆکی (هزر) لەلای (پێرس) دیاریبکەین کە خۆی لە (نیشانە) دا دەبینێتەوە ئەوەمان ڕوونکردووەتەوە کە لەلای پێرس هزری مرۆڤ لە نیشانە پێکهاتووە و مرۆڤ لەڕێی نیشانەکانەوە بیردەکاتەوە و بیرکردنەوەش هیچ نییە جگە لە بەکارهێنانی نیشانەکان. پێرس ئەمەی لەڕێی توخمی (ڕاڤەکار)ی نیشانەوە بەرجەستەکردووە بۆیە بەچڕی باسی ڕۆڵی توخمی (ڕاڤەکار)ی نیشانەمان کردووە، کە بریتییە لە چەمکی (دیالۆگی هزر) یاخود دەتوانین بڵێین بریتییە لە بیرکردنەوەکانی مرۆڤ، هەروەها باسمان لە کارکردنی سیمۆسیس و چۆنێتی کارکردنی سیمۆسیس لە بەردەوامیی بەرهەمهێناندا کردووە و توخمی (ڕاڤەکار)مان وەک هۆکاری بەردەوامیی بەرهەمهێنانی نیشانە/واتا، دیاریکردووە. لە بەشی پراکتیکیشدا لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕێنماییانەی کە لە بەشی تیۆریدا خستوومانەتەڕوو، چەند نیشانەیەکمان لەناو دەقی (کورسی)دا لەژێر ڕۆشنایی بەردەوامیی بەرهەمهێنان لە سیمۆسیسدا، تەئویلکردووە.

لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر سەرنج بدەینە تایبەتمەندی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە بواری میتۆدی سیمیۆلۆژیادا لە مەیدانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا ئەنجامدراون، ئەمە جگە لەوەی لە بەشی تیۆریدا تیۆری و بۆچوونەکانی هەردوو زانا (دو سۆسور) و (پێرس) لە بارەی نیشانە و پێکهاتەکەی، هەروەها مێژووی سەرهەڵدانی ئەم زانستە و ئاڕاستە و قوتابخانە سیمیۆلۆژییەکان و کۆمەڵێک بابەتی دیکە باسکراون، لە بەشی پراکتیکیشدا بەگشتی دەبینین شیکارکردنی دەقەکان بەمەبەستی کردنەوەی کۆد و هەڵگرتنەوەی واتاکان و درککردنی بنیادی ژێرەوە، چەند ستراتیژییەتێکی هەیە، یەکێک لەوانە ئەوەیە شیکاری سیمۆتیکی لە ئاستی زماندا پەرژاوەتە سەر واتای دەق لەو ڕووەی کە زمان خوازە و مێتافۆر و درکە و ڕەمزی تێدایە، بۆیە دەبینین لەڕووی (لادان)ەوە واتای دەق شیکارکراوە چ لادانی پێکهاتەیی/سینتاکسی بێت یاخود لادانی واتایی. یەکێکی دیکە لە ستراتیژییەتەکانی شیکاری سیمیۆتیکی بە مەبەستی کردنەوەی کۆدەکانی دەق، سوود وەرگرتنە لە تیۆرییەکەی (گریماس) کە بە (چوارگۆشەی سیمیۆتیکی) ناسراوە. توێژینەوەکان لەژێر تیشکی چوارگۆشە سیمیۆتیکییەکەی گریماسدا هەستاون بە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییە دژ و هاودژەکان ئەمەش لەپێناو کردنەوەی کۆدەکان و زانینی واتای دەق لە ئاستی قوڵدا. بەمشێوە، شیکاری سیمیۆتیکی لەڕووی واتا و مەبەستی جیاوازەوە شیکاریان بۆ نیشانەکانی ناو دەق کردووە لەوانە ناونیشانی سەرەکی و لاوەکی و نیشانەکانی وەک شوێن و کات و کاراکتەر و ڕووداو.

سەبارەت بە کارەکەی ئێمە، (شێرکۆ بێکەس) یەکێکە لەو شاعیرانەی کە دەربڕینی ڕەمزیی فراوان لە بنیادی دەقەکانیدا بەدیدەکرێت بۆیە ژمارەیەکی بەرچاو لە توێژینەوەکان لەم ڕەهەندەوە پەرژاونەتە سەر واتای دەق لەوانە: (هێماگەری لە دەقە واڵاکانی شێرکۆ بێکەس/ تێزی دکتۆرا)، (سیمبۆلیزمی کۆمەڵایەتی لە هۆنراوەی (ئێستا کچێک نیشتیمانمە)/ توێژینەوەی ئەکادیمی)، (ڕەمز لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا/ دەقی وتار) هەروەها کۆمەڵێک کاری دیکە کە لە بابەتی جیاوازدا پەرژاونەتە سەر شیکاری واتا لە دەقەکانی ئەم شاعیرە مەزنەدا بەڵام سەبارەت بە میتۆدی سیمیۆلۆژیا، ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین توێژینەوەیەکی زانستی هەیە بە ناونیشانی (سیمیۆلۆژیای شوێن لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، هەڵبجە بە نموونە) ئەم توێژینەوەیە پەرژاوەتە سەر (شوێن) وەک

نیشانەیەک کە هەڵگری واتا و مەبەستی جیاوازە، سەبارەت بە کارەکەی ئێمە، کارەکەی ئێمە جیاوازە، ئێمە لە پێناسە تەقلیدییەکەی نیشانەوە دەستمان پێکردووە گوایە نیشانە شتێکە شوێنی شتێکی دیکە دەگرێتەوە. توێژینەوەکەی ئێمە ستراتیژییەتی (سیمۆسیس)ی لە دەقدا پەیڕەوکردووە کە خۆی لە پرۆسەی (تەئویل)ی نیشانەدا دەبینێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە چەند نیشانەیەکمان لەناو دەقی (کورسی) دا دیاریکردووە و تەئویلمان بۆیان کردووە.

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە لە تەئویلکردنی دەق و لە پەرژانە سەر واتای دەقدا تایبەتمەندیی (هزر)ی لە بەردەوامیی بەرهەمهێنانی واتادا بەرجەستەکردووە، هەربۆیە پرۆسەی تەئویلی نیشانە بە دەوڵەمەندی لە خستنەڕووی واتادا تایبەتمەند دەبێت. ئەم توێژینەوەیە لەبەر ڕۆشنایی میتۆدی سمیۆلۆژیا ئەنجامدراوە. سیمیۆلۆژیا شێوازێکی نوێی لە بواری بەرهەمهێنانی واتا شاراوەکان لە دەقی ئەدەبیدا پێشکەشکرد؛ ئەویش بە کاراکردنەوەی ڕۆڵی خوێنەر/ڕاڤەکار و پێیوایە بەرهەمهێنانی واتا لەسەر گریمانەی خوێندنەوە وەستاوە.

ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە شیکردنەوەی چۆنێتی بەرهەمهێنانی واتا لەبەر ڕۆشنایی بەردەوامیی هزر لە کارکردندا، لەم شێوازەدا پرۆسەی تەئویلی نیشانەکان و بەرهەمهێنانی واتای نیشانەکان بە پشتبەستن بە مەوسوعەی ڕاڤەکار قووڵ دەبێتەوە بەناو واتای نیشانەکەدا. توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم چوار تەوەر لەخۆدەگرێت ئەوانیش تەوەرەکانی پێشەکی، پێکهاتەی سیمۆسیس، کارکردنی سیمۆسیس و ڕۆڵی توخمی ڕاڤەکاری نیشانە، سیمۆسیس و بەردەوامیی بەرهەمهێنانە. سەبارەت به بەشی دووەم، بەشی دووەم پراکتیکییە، لەم بەشەدا چەند (نیشانە)یەکمان لەناو دەقی (کورسی) بەنموونە وەرگرتووە و لەژێر تیشکی بەردەوامیی بەرهەمهێنان لە سیمۆسیسدا تەئویلمان بۆیان کردووە، دواتر بە چەند خاڵێک ئەو ئەنجامانەمان خستووەتەڕوو کە لەم توێژینەوەیەدا پێیگەیشتووین، هەروەها لیستی سەرچاوەکانمان خستووەتەڕوو، لە کۆتاییشدا پوختەی توێژینەوەکەمان بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خستووەتەڕوو.

٢-سیمۆسیس و بەردەوامیی بەرهەمهێنان:

٢-١ پێکهاتەی سیمۆسیس:

سیمۆسیس پرۆسەیەکە، واتە لێرەدا ئێمە باس لە پێکهاتەی پرۆسەیەک دەکەین کە سێ توخم بەشداریدەکەن لەم پرۆسەیەدا، هەمان ئەو توخمانەی کە نیشانە پێکدەهێنن ئەوانیش: نوێنەر، بابەت، ڕاڤەکار، ئەم سێ توخمە پەیوەندییەک لەنێوانیاندا هەیە و واتاش لەو پەیوەندییەی کە لەنێوان ئەم سێ توخمەدایە، دروستدەبێت و ئەم پەیوەندییە گەرەنتی ئەم پرۆسەیە دەکات چونکە ئەم پرۆسەیە پرۆسەی بەرهەمهێنانی واتایە "سیمۆسیس پرۆسەی واتایە ئەم پرۆسەیە لە پەیوەندیی نێوان سێ توخمەوە دروستدەبێت، واتە واتا پەیوەندییەکی سێ ڕەهەندییە، یەکەم: ئەوەی هەڵدەستێت بە نواندن واتە (نوێنەر) شتێکە شوێنی شتێکی دیکە دەگرێتەوە بە ئامانجی بەرهەمهێنانی کاریگەرییەکی زەینیی دیاریکراو، ئەوەیە وەک نیشانە کاردەکات، دووەم: ئەوەی (بابەت)ی نواندن پێکدەهێنێت واتە ئەوەی ئەم نیشانەیە ئاماژەی پێدەکات، سێیەم: ئەوەیە کە وەک کرداری تێگەیشتن کاردەکات، مەبەستمان (ڕاڤەکار) ە، ڕاڤەکار کاریگەرییە زەینییەکەیە، هەر ئەوە کە دەبێتە هۆی خۆبەدەستەوەدانی هزریی ئەزموونی

مرۆیی لە ڕووکەشدا،"(بنکراد ٢٠٠٥: ١٧٣) ئەم سێ توخمە هەر سێک سیمۆسیس/نیشانە پێکدەهێنن و واتای نیشانەش لە پەیوەندیی نێوان ئەم سێ توخمەوە سەرچاوەدەگرێت. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە بەپێویستی دەزانین هەر سێ ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی سیمۆسیس/نیشانە یەک بە یەک بخەینەڕوو:

١ – نوێنەر ( الماثول، الممثل، حامل العلامة Rep-resentamen ):-

نوێنەر خاڵی دەستپێکە لە پێکهاتەی نیشانەدا و پرۆسەی واتا لەمەوە دەستپێدەکات. هەندێک وەک (دال) لەلای دو سۆسوری دەبینن واتە وێنەیەکی دەنگییە، بەڵام (نوێنەر) مەرج نییە هەموو کات خاوەنی وێنەیەکی دەنگی بێت جاری وا هەیە شتێک وەک نیشانە کاردەکات بەبێ ئەوەی هیچ وێنەیەکی دەنگیی هەبێت بۆ نموونە لەم نیشانەیەدا: (بۆن)ێک کە وێنەیەکی دەنگی نییە، وەک (نوێنەر) کاردەکات، کەسێکت بیردەخاتەوە، بابەت: کەسەکە، ڕاڤەکار: ئەزموونی ڕابردوو،کەواتە هەرچییەک وەک هەڵگری شتێک کاربکات، دەتوانێت وەک (نوێنەر) لەقەڵەم بدرێت، بۆی هەیە ئەو شتە سروشتێکی زمانی یاخود کۆمەڵایەتی یاخود هەر بابەتێک لە بابەتەکانی جیهان بێت، واتە مەرج نییە (نوێنەر) وێنەیەکی دەنگی یاخود وێنەیەکی بینراوی هەبێت، ئیشی نوێنەر تەنها ئەوەیە نیشانەکە پیشانبدات واتە "بە نواندن (تمثیل) نەبێت بە هیچ ئەرکێکی دیکە هەڵناستێت، نوێنەر (شت)ەکەمان پێ ناناسێنێت و زانیاریمان دەربارەی شتەکە پێ زیادناکات، ئەوە (بابەت)ی نیشانەیە کە وا لە نوێنەر دەکات شتێک بێت قابیلی زانین بێت. نوێنەر شتێکە، بەهەر ڕێگایەک یا بەهەر سیفەتێک بێت شتێک بۆ کەسێک قەرەبوودەکاتەوە." (بنکراد ٢٠٠٥: ٧٨) لەسەر ئەم بنەمایە نوێنەر وەک ئامرازێک کە لە پیشاندانی (شتێکی دیکە)دا بەکاریدەهێنین، کاردەکات، بۆ نموونە نیشانەیەکمان هەیە: پارچەیەک کاغەزی سوور، لەم نیشانەیەدا نوێنەر: پارچەیەک کاغەزی سوور، بابەت: قوتوویەک بۆیاخی سوور، ڕاڤەکار: بۆیاخکردن، نوێنەر بە هۆی هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە دەلالەت لە (بابەت) ەکەی ناکات، بەڵکو لەسایەی تایبەتمەندییەکی دیاریکراوەوە دەلالەت لە بابەتەکەی دەکات، من پارچەیەک ڕەنگ بەکاردێنم بۆ دیاریکردنی ڕەنگی ئەو بۆیاخەی کە دەمەوێت بیکڕم، لەوانەیە پارچە ڕەنگەکە لە کاغەز یا پلاستیک دروستکرابێت، لەوانەیە لاکێشەیی بێت و لەسەر مێزێکی دار دانرابێت...هتد، بەڵام تەنها ڕەنگی پارچەکە گرنگە کە نیشانەی ڕەنگی بۆیاخەکەیە، پارچەکە توخمی زۆری هەیە وەکو نیشانە کاربکات بەڵام تەنها ڕەنگەکەی لەڕووی توانای دەلالەتکردنەوە گرنگە (أتكين ٢٠٢٢: ١٢) کەواتە نوێنەر شتێکە شوێنی شتێکی دیکە دەگرێتەوە، خۆی پارچە کاغەزێکە بەڵام بابەتەکەی قوتوویەک بۆیاخە. نوێنەر ڕێگەیەکە بۆ پیشاندانی نیشانە بە گشتی و (بابەت)ی نیشانە بەتایبەتی، بەبێ (نوێنەر) نیشانە بوونی نییە، بەمشێوە دەبینین نوێنەر بناغەی نیشانەیە و نوێنەر خاڵی دەستپێکە لە دەرکەوتنی (نیشانە)دا.

٢ – بابەت(ئۆبژە) (الموضوع، الموجودة، Object ):-

بابەت توخمی دووەمی نیشانەیە و بەشێکە لە نیشانە، گرنگە ئەوە بزانین بابەت (شت)ەکەی جیهانی دەرەوە نییە، ئەوەش نییە تەنها وێنەیەکی زەینی بێت و لە جیهانی دەرەوەدا بەرانبەری نەبێت، بابەت ئەوەیە کە نوێنەر پیشانیدەدات و نواندنی بۆ دەکات جا ئەم شتە واقیعی بێت یاخود

خەیاڵی، بابەت ئەو زانیارییە پیشاندەدات کە نیشانە پێشکەشیدەکات، چونکە نوێنەر لەخۆیدا هیچ نییە جگە لە ئامرازێکی نواندن بەڵام لەگەڵ گەیشتنی بە (بابەت) ڕەهەندێکی وەدیهاتن(تحقق) لە کات و شوێندا وەردەگرێت، (مهدیوی ٢٠١٨: ٨٩) پێویست دەکات وردتر لە بابەتەکە بڕوانین، نیشانەیەکمان هەیە: تەپۆڵکەیەکی خۆڵین لە باخچەیەکدا، (نوێنەر) ئەو تەپۆڵکە خۆڵینەیە کە مشکەکوێرە (الخلد) دروستیکردووە لە باخچەکەدا، (بابەت)ی ئەم نیشانەیە (مشکەکوێرە)یە، (أتکین، ٢٠٢٢: ٦) لەو دوو نموونەیەی دیکەشدا کە لە برگەی (نوێنەر)دا خستمانەڕوو ئەوە بەڕوونی دەردەکەوێت کە (بابەت)ی نیشانەکان (بۆن، پارچە کاغەزی سوور) نیشانەیەکی دیکەن: (کەسێک، قوتوویەک بۆیاخ) بەڵام ئەمانە دابڕاو نین لە مەرجەعەکانیان واتە لە (نوێنەر) مکانیان، بەڵکو بەشێکن لێیان چونکە نوێنەر بۆیە نوێنەرە لەبەرئەوەی بابەتێکی هەڵگرتووە. بابەتەکە وەک کۆدێکە پێویست دەکات دربکرێت، پێرس ئەم تێبینییە کورتدەکاتەوەو دەڵێت: (بابەت)ی نیشانە ئەو زانیارییەیە کە نیشانە گریمانەی دەکات، پێرس دەڵێت: بابەت مەرجەعێکی مادی جیا لە (نیشانە) مکەی دیاریناکات، بابەتەکە پەیوەندیی بەو توخمەوە هەیە کە بە بەشێک لە نیشانە هەژماردەکرێت و لەکاتێکدا قابیلی ئەوەیە وەکو نیشانەش کاربکات، کەواتە (بابەت)ی نیشانە تەنیا دەتوانێت نیشانەیەکی دیکە بێت، (بنکراد ٢٠١٢: ٨٢-٩٨) کەواتە بابەت خۆیشی نیشانەیە و هەمان پێکهاتەی نیشانەی یەکەمی هەیە، چونکە هەر توخمێک لە توخمەکانی نیشانە لە توانایاندایە وەک نیشانە کاربکات واتە قابیلی ئەوەیە لەڕێی ڕاڤەکارەوە بگۆڕێت بۆ نیشانە.

٣ – ڕاڤەکار ( المؤول، مفسرةInterpretant):-

ڕاڤەکار توخمی سێیەمی نیشانەیە، ڕاڤەکار یەکێکە لە چەمکە ئاڵۆزەکان لەلای پێرس و ڕەنگە ببێتە هۆی ناڕوونی، پێش هەموو شتێک لەلای پێرس "ڕاڤەکار بە واتای ئەو کەسە نایەت کە هەڵدەستێت بە پرۆسەی تەئویل واتە ڕاڤەکار مەرج نییە کەسێکی دیاریکراو بێت چونکە نیشانە واتای خۆی بەرهەمدەهێنێت تەنانەت ئەگەر هیچ کەسێکیش تەئویلی بۆ نەکات" (بنکراد ٢٠٠٥: ١٨٧) کەواتە بەحوکمی توخمی (ڕاڤەکار)؛ نیشانە هەمیشە ملکەچی پرۆسەیەکی تەئویلییە، واتە توخمی ڕاڤەکار ئەو توخمەیە ڕەهەندی تەئویلی لە خۆیدا هەڵگرتووە بۆیە پێشی دەوترێت ڕاڤەکار.

لەڕووی چەمکەوە ڕاڤەکار کۆمەڵێک مەزەندەیە لەبارەی (بابەت)ی نیشانە یاخود بڵێین کۆمەڵێک بیرۆکەی شیکەرەوەییە لە زەینی مرۆڤدا لەبارەی (بابەت)ی نیشانە، خودی پرۆسەی تەئویلی نیشانەش لەم وەرگێڕانانە و لەم بیرۆکە و مەزەندانەوە سەرچاوەدەگرێت "ڕاڤەکار وەک نیشانەیەکی دیکە کە گەشەسەندووترە بۆ (بابەت) ی پەیوەندیدار کاردەکات بەدڵنیاییەوە ڕاڤەکار لەڕێی هەندێک تایبەتمەندییەوە وەک (نیشانە)یەکی دیکە دەلالەت لەم (بابەت)ە دەکات کە پێویست دەکات شیکردنەوەی بۆ بکرێت" (أتکین ٢٠٢٢: ٧) ئەو نموونەیەی کە پێشتر هێنامانەوە، تەپۆڵکەیەکی خۆڵین لە باخچەکەدا، ڕاڤەکاری ئەم نیشانەیە: گیاندارێکە زەرەر دەدات، یاخود سەرچاوەی نەخۆشییە، یاخود هەندێک پێیانوایە پی و قدومی شەڕە و هتد، ئەم مەزەندانەن کە (شت)ەکە دەکەنە نیشانە ئەگینا نیشانە بە دابڕان لە (مەزەندەکردن)، نیشانە نییە ئەم مەزەندانە وەرگێڕان بۆ (بابەت)ی نیشانەکە دەکەن یاخود بڵێین ئەم مەزەندانە پرۆسەی

تەئویل پێکدەهێنن کە بریتین لە کۆمەڵێک (بیرۆکەی شیکەرەوەیی) "ئەو بیرۆکەیەی یاخود ئەو پرۆسە زەینییەی کە نیشانە پێشنیاریدەکات و دەیدات بە بابەتەکەی خۆی، ڕاڤەکارەکەیەتی" (بلعلی ٢٠٠٧: ٢٣٩) ڕاڤەکار وەک ڕوونکەرەوە و شیکەرەوەی بابەت وایە، وادەکات تێگەیشتنی فراوانترمان بۆ (بابەت) هەبێت "پێرس وایدەبینێت کە هەر (ڕاڤەکار) یێک (نیشانە)یەکی دیکەیە بۆ (بابەت)، ڕاڤەکار شتێکە کە ئەو توانایەمان پێدەبەخشێت تێگەیشتنێکی ئاڵۆزترمان بۆ (بابەت)ی نیشانەکە هەبێت،" (أتکین ٢٠٢٢: ٦) کەواتە توخمی (ڕاڤەکار) نیشانەیەکی دیکەیە کە تەئویل و وەرگێڕان بۆ توخمی (بابەت) ی نیشانە دەکات.

ڕاڤەکار گریمانەی وەبیرهێنانەوەی زۆربەی مەزەندەکانی تایبەت بە نیشانە دەکات. باشتر وایە لەڕێی نموونەیەکەوە زیاتر ڕوونکردنەوەی بۆ بکەین، "نوێنەر لەخۆیدا هیچ نییە جگە لە ئامرازێکی نواندن و لەگەڵ گەیشتنی بە (بابەت) ڕەهەندێکی وەدیهاتن(تحقق) لە کات و شوێندا وەردەگرێت، لەکاتێکدا ڕاڤەکار ئەو نێوەندگیرەیە، نێوەندگیری کولتووری و ڕەمزی بەرجەستەدەکات، دەلالەتی هیچ نیشانەیەک کامڵ نابێت مەگەر ئەوەی داخلی (پرۆسەی نواندن) بێت، لەبەرئەوە نیشانە لە هزری پێرسدا ئامادەگیی سێقۆڵی گریمانەدەکات بۆنموونە: دەتوانین نوێنەرێکی بەرجەستە بۆ وشەی (پێرس) دابنێین، ئەم نوێنەرە (بابەت)ێکی بەدیهاتوو پیشاندەدات کە پێرسە لە واقیعدا، پێرسی حەقیقی، لەکاتێکدا ڕاڤەکار ئەو مەزەندەیە کە ئێمە لە زەینماندا لەبارەی پێرسەوە بنیادی دەنێین بە بیرهێنانەوەی زۆربەی سیاقەکان" (مهدیوی ٢٠١٨: ٨٨-٨٩) واتە ڕاڤەکاریش هەر بابەتە بەڵام گەشەسەندووترە لەو، "ڕاڤەکار ئاماژە بە هەمان (بابەت) دەکات بەڵام دەتوانێت نیشانەیەکی گەشەسەندووتر لە گوفتاردا بێنێتەکایەوە،" (بورایو ٢٠٢٢: ٤٧٧) لەو نیشانەیەدا، ڕاڤەکاریش هەر (پێرس)ە بەڵام گەشەسەندووترە، ڕاڤەکار کۆمەڵێک بیرۆکەی شیکەرەوەیین یاخود بڵێین کۆمەڵێک مەزەندەی زەینین دەربارەی بابەت، "ڕاڤەکار ئەو مەزەندە زەینییە گشتییەیە کە ئێمە لەبارەی شتێک لەناو جیهانی دەرەوەدا، هەمانە." (بنکراد ٢٠١٢: ١٠١) ڕاڤەکار لەم نیشانەیەدا مەزەندە کولتووری و ڕەمزییەکانمانە بۆ (پێرس)، بۆنموونە زانایەکی وایەو ئەمەیە و ئەوەیە، کەواتە (ڕاڤەکار) ەکان وەک (نیشانە)ی دیکە یاخود بڵێین وەک نیشانەی گەشەسەندووتر بۆ (بابەت) ڕۆڵ دەگێڕن.

ڕاڤەکار ئەو کاریگەرییەیە کە بابەتی نیشانە لەسەر زەینی وەرگر دروستیدەکات و ئەوەی ئێمە لە نیشانە درکیدەکەین، ڕاڤەکارە، بۆیە نوێنەر و بابەت وەک (واتا)ی نیشانە کارناکەن؛ بەڵکو بە توخمی ڕاڤەکار دەوترێت (واتای نیشانە) "نیشانەکان بوونیان نییە مەگەر لەڕێی هەبوونی واتاوە نەبێت، واتاش لەڕێی ڕاڤەکارەوە نەبێت ناتوانین بەدواداچوونی بۆ بکەین" (عباس ٢٠٢١: ٢١٣) بۆیە ڕاڤەکار بە کۆڵەکەی نیشانە لەقەڵەمدەدرێت، "هەرچەندە سیمۆسیس لەسەر پرەنسیپی ڕەوانەکردن لەنێوان (سێ) توخم دامەزراوە؛ بەڵام هەژمونی توخمی ڕاڤەکار بە بەراورد بە دوو توخمەکەی دیکە زیاتر دەردەکەوێت، بینینی (ئاڵا) وامان لێناکات وەک ماددەیەکی خام یاخود وەک کوالێتییەک تەماشای بکەین؛ چونکە ڕەمزییەتی ئەم ئاڵایە یەکەم جار ئەوە دەردەخات؛ پێش ئەوەی وەک ئاڵایەک ببینین کە پارچەیەک قوماشی ڕەنگاوڕەنگە، جەزائیر ببینین، ڕاڤەکار ئەو بیرۆکەیە کە نیشانە بەرهەمیدەهێنێت یاخود ئەو کاریگەرییەیە کە لە زەینی کەسەکەدا ڕوودەدات و نیشانەکە دەگرێت (بلعلی ٢٠٠٧: ٢٣٥) لەم نیشانەیەدا

(ئـالا)، نوێنەر: پارچەیەک قوماشی ڕەنگاوڕەنگ، بابەت: ئالا، ڕاڤەکار: وڵاتی جەزائیر، بەمشێوە، ئەگەر ڕاڤەکار یەکسان بێت بە واتای نیشانە کەواتە ڕاڤەکار ڕەهەندێکی کولتووری هەیە؛ چونکە پێرس نیشانە لە واقیع دانابڕێنێت کەواتە ڕاڤەکار بە کولتوورەوە گرێدەدرێتەوە و ڕەهـەنـدە کولتوورییەکان وەک سەرچاوەیە بۆی و پێی دەوڵەمەند دەبێت، ڕاڤەکار "بەشێکە لە فێڵدی کولتووری، بە گوزارشتێکی دیکە، نیشانە تەنها لەڕێی بانگهێشتکردنی کولتوورەوە دردەکرێت، ڕاڤەکار نیشانەیەکە لە چوارچێوەی بوارێکی فراوانتر و گشتگیرتردا هەڵدەبژێردرێت؛ کە ئەویش بواری کولتوورییە، ئەوەی سیمۆسیس ئازاد دەکات و توخمەکانی تەئویلی بۆ دابیندەکات، ئەم ڕاڤەکارەیە کە توخمەکانی تەئویلەکەی لە چەند سەرچاوەیەکەوە وەردەگرێت، کولتوور، ئایدۆلۆژیا، خورافات، ئەفسانە و ئایین و هەموو ئەو شتانەی کـە دەتـوانـن بـەشـداربـن لـە دەوڵـەمـەنـدکـردن و هەمەچەشنکردنی تەئویلدا" (بنکراد ٢٠٠٥: ١٤٩،٩٢) ڕاڤەکار یاخود بڵێین واتای نیشانە بە پشتبەستن بە کولتوور وادەکات بە فرەیی و بە دەوڵەمەندی بناسرێتەوە؛ بۆنموونە لە کولتووری کوردیدا ڕەنگی (ڕەش) لە هەندێک سیاقدا بە واتای (شوومی) یاخود (نەگبەتی) دێت لەکاتێکدا لە هەندێک سیاقی دیکەدا بۆ گوزارشتکردن لە ماتەم و دڵتەنگی دێت.

٢-٢ کارکردنی سیمۆسیس و ڕۆڵـی توخمی ڕاڤەکاری نیشانە:

پێش هەموو شتێک، سیمۆسیس Semiosis)) تیۆرییەکە کە زانا وفەیلەسووفی ئەمریکی (چارلس ساندرێس پێرس) دایهێناوە. سیمۆسیس بەکورتی بەواتای (پرۆسەی نیشانە) یاخود بڵێین بەواتای (پرۆسەی واتا) دێت. لەلای پێرس هەرسێ توخمی نیشانە بەیەکەوە لەنێو پرۆسەیەکدا لە پەیوەندیدان و واتای نیشانە لە پەیوەندیی نێوان هەرسێ توخمەوە سەرچاوەدەگرێت و پێرس ئەم پرۆسەیەی ناوناوە (سیمۆسیس). پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لەلای (پـێرس) تـەواوی دەوروبـەری مـرۆڤ و هەموو گەردوون بە نیشانە تەنراوە، نیشانە لەلای ئەو شتێکە و شتێکی دیکە دەڵێت بۆنموونە لە ئاسماندا هەوری ڕەش دەبینین بـەڵام ئەمە نیشانەی بارانبارینە، باڵندەی پەرەسێلکە دەبینین، ئەمە نیشانەی شکانی سەرماوسۆڵە و هاتنی بـەهـارە؛ یاخود کەسێک دەبینین سەروقژی ڕێک و جلوبەرگی شیک، ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئەو کەسە پاکوخاوێنە و گرنگی بە خۆی دەدات یاخود قژی سپی و پێستی چرچ و لۆچ دەبینین، ئەمە نیشانەی پیرییە هتد، واتە لەلای پێرس هەموو شتێک وەک نیشانە کاردەکات واتە هەموو شتیک واتا هەڵگرە و هەمووی خۆی شتێکە بەڵام شتێکی دیکە دەڵێت، ئەمە پەیوەندی بە پرۆسەیەکی شاراوەوە/ضمنی هەیە کە لە هـزردا ڕوودەدات و پـێرس هـەوڵیدا لـەدووتـوێی (سیمۆسیس)ەوە بەرجەستەی بکات، واتە پێرس هەوڵیدا سیمۆسیس وەک داردەستێک بەکاربهێنێت بۆ بەرجەستەکردنی میکانیزمی کارکردنی هزر لە پرۆسەی ئیدراکدا، بۆیە پێویستە سەرەتا پێکهاتەی هزر لای پێرس بناسین و پاشان بۆمان دەردەکەوێت کە چ پەیوەندییەکی بە سیمۆسیسەوە هەیە.

لـەمـبارەیەوە، لـە دوو لایـەنـەوە باسی (هـزر) لەلای (پێرس) دەکەین، جارێک باسی پێکهاتەی هزر دەکەین؛ کە لەلای ئەو هزر تەونێکە لە نیشانەکان، لە مەزەندەی ئەودا هزر نیشانەیە و هەرچی لە هزردا هەیە هەمووی نیشانەیە و هەموو بیرکردنەوەکانی مرۆڤ نیشانەن "لەلای پێرس هزری مرڤ نیشانەیە و وێنەی ڕاستیی هزر ئەو پەیوەندییانەن کە لەنێوان

نیشانەکاندان" (بلعلی٢٠٠٧:٢٢٥).

لەلایەکی دیکەوە باس لە میکانیزمی (کارکردنی هزر/بیرکردنەوە) لەلای پێرس دەکەین کە لەلای ئەو سروشتێکی (کراوە)ی هەیە و ئەو دەڵێت: "هزر بریتییە لە تۆڕێک پەیوەندی (واتە ئەو پەیوەندییانەی کە لەنێوان نیشانەکاندان) کە لە توانایدایە دوبارە تا بێکۆتایی خۆی بەرهەمبهێنێتەوە" (ضربان، مختاری، ٢٠٢٠: ٥٦) کەواتە هزر لەلای پێرس پرۆسەیەکی کراوەیە نەک داخراو هەروەها لـەلای ئەو "بەبێ نیشانە هزر وجودی نییە و لە دەرەوەی ئەوەی ئەم نیشانانە پێشکەشیدەکەن، ناتوانین بیربکەینەوە" (بنکراد ٢٠١٢: ٨٩) بۆیە دەبینین پێرس؛ هزر و نیشانەی بەیەکەوە گرێداوە؛ هەروەها لەلای ئەو کارکردنی هزر/بیرکردنەوە بەواتای بەکارهێنانی نیشانەکان دێت، "لە مەزەندەی پێرسدا (بیرکردنەوە) چالاکییەکی پەرەسەندووی نیشانەکانە، بیرکردنەوە هیچ نییە جگە لە بەکارهێنانی نیشانەکان کەواتە ئێمە لەرێی نیشانەکانەوە باسی نیشانەکانی دیکە دەکەین و لەرێی نیشانەکانی دیکەوە بیر لە نیشانەکان دەکەینەوە، ئەم بیرکردنەوە فەلسەفییانەی پێرس کە لەسەر بنەمای پێداچوونەوە بە (هزر) دامەزراوە، نیشانە و هـزری بەیەکەوە بەستەوە" (بوجلیدة ٢٠٢٣: ١٣٦٥) لە مەزەندەی پێرسدا کارکردنی هزر یاخود بڵێین (بیرکردنەوە) پرۆسەیەکی داخراو نییە بەڵکو کراوەیە و شێوازێکی دیالۆگییانەی هەیە، هەمیشە بۆئەوەی ئاماژە بە هزرێک بکرێت پێویستی بە هزرێکی دیکە دەبێت "پێرس هزر وەک پرۆسەیەکی کراوە دەبینێت کە تەنها لەرێی پەیوەندییەکەی لەگەڵ هزرەکانی پێشتردا دەتوانرێت دیارییکرێت" (بن یخلف ٢٠٠٩: ٨٩) بۆیە بۆ ئەوەی ئاماژە بە هزرێک یاخود بە مەعریفەیەک بکرێت پێویستی بە هزرێکی دیکە یاخود بە مەعریفەیەکی دیکە دەبێت، چونکە لە مەزەندەی ئەودا هەموو هزرێک ناتەواوە(ناقص)، ناڕاستەوخۆ و شاراوە و ئەگەر و ئیحتیمالی لەخۆگرتووە بۆیە گریمانەی هزرێکی دیکە دەکات (بنکراد ٢٠٠٥: ٧٨) پێرس ئەم شێوازەی بە (دیالۆگییانە) ناوبردووە و لە توخمی سێیەمی نیشانەدا واتـە لـە توخمی (ڕاڤـەکـار)دا بەرجەستەیکردووە، لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدات: باشە سیمۆسیس چۆن شێوازی دیالۆگییانەی هەیە واتە نیشانە چۆن ئاماژە بە نیشانەی دیکە دەکات؟ پێویستە ئەم پرۆسەیە ڕوونبکەینەوە.

لەلای پێرس نیشانە خۆی شتێکە؛ بەڵام شتێکی دیکە دەڵێت واتـە ئاماژە بە شتێکی دیکە دەکـات، ئـەو پێناسەی کە پێرس بۆ نیشانە کردوویەتی ئەمە بەڕوونی باسدەکات، پێرس دەڵێت "نیشانە شتێکە جێی شتێکی دیکە دەگرێتەوە لای کەسێکی دیاریکراو بەپێی شێوازێکی دیـاریـکراو، واتـە لە زەینی ئەم کەسەدا نیشانەیەکی هاوتا (علامة معادلة) یاخود نیشانەیەکی پەرەسەندووتر(اکثر تطورا) دەئافرێنێت و ئەم نیشانەیەی دەیئافرێنێت من پێی دەڵێم: ڕاڤەکاری نیشانەی یەکەم، کە جێی شتێک دەگرێتەوە: بابەتەکەی، جێی ئەم بابەتە دەگرێتەوە نەک لە هەموو ڕوویەکەوە؛ بەڵکو بە ڕەوانەکردن بۆ جۆرێک لە بیرۆکە، ئەو بیرۆکەیەی کە (بناغە)ی نوێنەرە، لێرەوە، نیشانە لەسەر سێ پایە وەستاوە کە ئەوانیش نوێنەر و بابەت و ڕاڤەکارە کە هەموویان پێکەوە سیمۆسیس پیشاندەدەن" (شاطو ٢٠١٣: ٣٦) لەو پێناسەیەدا ئەمە بەڕوونی دەرکەوتووە نیشانە هەمیشە ئاماژە بە (نیشانە)یەکی دیکەی هاوتا یاخود پەرەسەندووتر دەکات کە بەم نیشانە نوێیە دەوترێت (ڕاڤەکار)، پێرس واتای نیشانەی بەستووەتەوە بە ڕاڤەکارەوە کەواتە هەموو نیشانەیەک بۆ ئەوەی واتای هەبێت پێویستە ڕاڤەکارێک دیارییکات واتە

ڕاڤەکار نیشانە نوێیەکەیە کە نیشانە ڕەسەنەکە ئاماژەی پێدەکات، ڕاڤەکار چییە؟ ڕاڤەکار ئەو تەئویلانەن کە هزر بۆ نیشانە دەیانکات ئەم تەئویلانە ئەوەیە کە بە (بیرکردنەوە) ناسراوە بیرکردنەوەش هیچ نییە جگە لە (دیالۆگی هزر) کەواتە (ڕاڤەکار)یش دیالۆگی هزرە "چەمکی ڕاڤەکار چەمکی (دیالۆگی هـزر)ە، پێرس دەڵێت هەموو بیرکردنەوەیەک شێوازێکی دیالۆگییانە وەردەگرێت لە حاڵەتێکی دیاریکراودا خودی خۆت بۆ پشتگیریکردن لێی پەنا بۆ خودی قووڵی خۆت دەبات" (تشاندلر ٢٠٠٨: ٧٣) بەمشێوە دەبینین پێرس (بیرکردنەوەکان)ی مرۆڤی لەدووتۆی (توخمی ڕاڤەکار)ی نیشانەدا بەرجەستەکردووە و سیمۆسیس بەهۆی ڕاڤەکارەوە شێوازی دیالۆگییانەی هەیە، لەلایەکی دیکەوە هەموو توخمەکانی نیشانە وەک نیشانە کاردەکەن واتە هەرسێ توخمەکەی نیشانە ڕاڤەکاریان دەبێت، ڕاڤەکاریش خۆی نیشانەیە و ڕاڤەکاری دەبێت و بەم شێوە تا بێکۆتایی، بۆیە "ئەو شتەی کە لە کارەکانی پێرسدا جیاناکرێتەوە لە نیشانە ئەویش ئەوەیە ژمارەیەکی بێکۆتایی نیشانەی زیادکراو لە پێش و لە دوای هەر نیشانەیەکی دیاریکراووەوە دێن، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو بیرۆکەیەوە سەریهەڵدا کە پێرس توخمەکانی نیشانەی تێدا دەستنیشانکرد، بە بۆچوونی پێرس (ڕاڤەکارەکان) وەک نیشانەی زیادکراو سەیردەکرێن و هەر نیشانەیەک خۆی ڕاڤەکاری نیشانەی پێشووە، هەر نیشانەیەکیش بۆ ئەوەی بە نیشانە هەژماربکرێت پێویستە ڕاڤەکارێک دیاریبکات و ڕاڤەکاریش خۆی نیشانەیە، وادیارە کە زنجیرەیەکی بێکۆتایی لە (نیشانە) لەڕووی تیۆرییەوە بووەتە حەتمی و لەهەر حاڵەتێکی دەلالەتدا ژمارەیەکی بێکۆتایی لە نیشانەمان دەبێت" (أتكين ٢٠٢٢: ١٠) بەمشێوە بۆمان دەردەکەوێت سیمۆسیس وەک تۆڕی نیشانە خۆی دەنوێنێت کە بێ وەستان ئاماژە بە نیشانەی دیکە دەکات کەواتە سیمۆسیس بەحوکمی توخمی ڕاڤەکار کراوەیە بەڕووی جیهانێک لە نیشانە و هەمیشە لە فراژیبووندایە.

ئەوەی تێبینی دەکەین ئەوەیە پێرس هەوڵیداوە لەڕێی سیمۆسیسەوە جەخت لە گەشەی هزر بکاتەوە واتە هزریش پرۆسەیەکی کراوەیە و شێوازی دیالۆگییانەی هەیە هەر هزرە و هزرێک ڕادەکێشێت هەموو هزرێک لە هزرێکی دیکەدا وەرگێڕانی بۆ دەکرێت، لە کوردەواریشدا قسەیەک هەیە دەڵێت: قسە قسە ڕادەکێشێت، ئەمە هەمان ئەو دینامیکییەتەیە کە سیمۆسیس باسیدەکات: نیشانە نیشانە ڕادەکێشێت، هەر نیشانەیەک ئاماژە بە نیشانەیەکی دیکە دەکات هەر نیشانە و لەوی دیکەدا وەرگێڕانی بۆ دەکرێت بۆیە تەئویل و وەرگێڕانی نیشانە لە نیشانەیەکی دیکەدا لە سیمۆسیسدا تا بێکۆتایی (بەردەوام) دەبێت، بەردەوامی و بێکۆتایی سروشتی هزر و سروشتی واتا و مەعریفەشە.

بەمشێوە، بۆمان دەرکەوت قسەکردن لەبارەی کارکردنی سیمۆسیس و کارکردنی هزر/بیرکردنەوە یەک شتن چونکە هزر نیشانەیە و شێوازی کارکردنی هزر و نیشانە هەمان شتە، "قسەکردن لەبارەی کارکردنی نیشانەکان و کارکردنی هزر یەکتربڕدەکەن، چونکە ئەو شێوازانەی کە نیشانەکان کاریان پێدەکەن هەمان ئەو شێوازانەن کە هزر کاریان پێدەکات" (بلعلی ٢٠٠٧: ٢٣٠) کەواتە پێرس بە پشتبەستن بە میکانیزمی کارکردنی هزر لە (پرۆسەی ئیدراک)دا توانی (سیمۆسیس) بنیادبنێت.

٢-٣ بەردەوامیی بەرهەمهێنان لە سیمۆسیسدا:-

سیمۆسیس بە (بەردەوامی)ی لە بەرهەمهێناندا

دەناسرێتەوە، سیمۆسیس ئەم تایبەتمەندییەی لە هزرەوە بۆ ماوەتەوە، پێشتر باسمانکرد، هزر تۆڕێکە لە پەیوەندییەکانی نێوان نیشانەکان و تا بێکۆتایی خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە، ناوەرۆکی ئەو پێناسەیەی کە پێرس بۆ نیشانە کردی ڕەهەندی (بەردەوامی) لە سیمۆسیسدا پیشاندەدات. ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە نیشانە هەمیشە گریمانەی نیشانەی دیکە دەکات کە ڕاڤەکارەکەیەتی واتە هەر نیشانەیەک بۆ ئەوەی بە نیشانە هەژماربکرێت پێویستە ڕاڤەکارێک دیاریبکات "ڕاڤەکاریش هەمیشە نیشانەیەکە و ئەم نیشانەیەش (ڕاڤەکار)ێکی بۆ خۆی دەبێت و بەمشێوە تا بێکۆتایی، کەواتە لێرەوە کارەکە (بێکۆتایی) و (بەردەوام) دەبێت." (شیفیر، عیاشی ٢٠٠٤: ١٦) کەواتە توخمی ڕاڤەکار هۆکاری بەردەوامییە لە سیمۆسیسدا لەهەمانکاتدا سیمۆسیس شێوازی ڕێڕەوێکی تەئویلیی یەکلەدواییەکی ڕاڤەکارەکان وەردەگرێت واتە شێوەی زنجیرەیی وەردەگرێت، تا بێکۆتایی نیشانە نیشانە ڕادەکێشێت بۆیە لە (سیمۆسیس)دا زنجیرە ڕاڤەکارەکان لەڕووی تیۆرییەوە لە خاڵێکی دیاریکراودا ناوەستێت واتە "لە سنووری چاودێریکردنی واتای یەکەم ناوەستێت کە بەهۆی نوێنەری یەکەمەوە بەرهەمدێت، بەڵکو ئاماژە بەبەردەوامیی بێکۆتایی ڕەوانەکردنەکان دەکات" (خۆشناو ٢٠١٩: ٦٩) ئەم زنجیرە بێکۆتاییەی ڕاڤەکار پرۆسەی تەئویل پێکدەهێنن و واتای نیشانەکە لێیانەوە سەرچاوەدەگرێت ئەوە روونە "پرۆسەی واتا یەکسانە بە پرۆسەی تەئویل یاخود بڵێین یەکسانە بە کردنەوەی کۆدی نیشانە." (تشاندلر ٢٠٠٨: ٧١) پرۆسەی تەئویل بەهۆی زنجیرە وەرگێڕانەکانەوە – گوایە هەموو نیشانەیەک بەگوێرەی پرەنسیپی (پێکەوەبەستراوی) ئاماژە بە نیشانەی دیکە دەکات – ناتوانێت لە خاڵێکدا جێگیربێت بۆیە وا دەردەکەوێت کە بێکۆتایی بێت، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر واتای نیشانە و فراژیبوونی نیشانە، "ئەمە مانای وایە ئاماژە بە واتاگەلی بێشومار دەکات و بە هەموو لایەکدا بڵاودەبنەوە و ئەوەی ئەم جوڵە بەردەوامەی پێدەبەخشێت، ڕاڤەکارە، ڕاڤەکار ئاماژەیە بە چەندین سەرچاوەی ئایینی، ئایدۆلۆژی، کولتووری، کۆمەڵایەتی،... هتد کە بەشدارن لە دەوڵەمەندکردن و هەمەچەشنکردنی تەئویلدا" (عوض، یوسف ٢٠١٥: ٢٣٨) واتە گواستنەوە لە ڕاڤەکارێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، نیشانە پێناسەیەکی فراوانتر وەردەگرێت چونکە نیشانە لای پێرس تەنیا لەسەر یەک تەئویل ناوەستێت؛ بەڵکو گواستنەوەکان زۆرن، هەر تەئویلێک دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی مەعریفەیەکی قوڵتر، نیشانە تا قوڵتر بچێتە ناو گواستنەوەکانەوە ئەوەندە پێناسەی زیاتر وەردەگرێت، ئەڵقە پێکهێنەرەکانی هەر ڕێڕەوێکی تەئویلی دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی مەعریفەیەکی قوڵتر و فراوانتر لەو مەعریفەیەی کە نیشانە لە سەرەتای ڕێڕەوەکەدا پێشکەشی کردووە کەواتە ئەوەی گواستنەوەکان پێیهەڵدەستن قووڵکردنەوەی مەعریفەکانی پێشترە نەک نەرێکردنیان، (بنکراد ٢٠٠٥: ١٨٢) نیشانە دروستبووەکان کە بەرەنجامی زنجیرە وەرگێڕانەکانن یەکێتی واتایی دەپارێزن و لەیەکتر دانابڕێن بەڵکو سیستەمێکی سیمیۆتیکیی پەیوەندیدار پێکدەهێنن "ئەو گواستنەوە یەکلەدوایەکانەی کە سیمۆسیس ئاماژەی پێدەکات، دابڕان لەنێوان ئەوەی دواتر و ئەوەی پێشتردا ناکات، هەروەک چۆن پەیوەندی نێوان توخمەکانی تاکە تەئویلێکیش ڕەتناکاتەوە" (بنکراد ٢٠٠٥: ١٨٢) بەم شێوە دەبینین تەئویل لە سیمیۆتیکادا گەرەنتی بەردەوامیی نیشانە دەکات کە تێیدا پەیوەندی بە خاڵی دەسپێکەوە ناپچڕێنێت. نیشانەیەکمان هەیە:

(باران)، لە ئاستی واتای ڕاستەوخۆدا ئەم نیشانەیە ئاماژەیە بۆ ئەو ئاوەی لە ئاسمانەوە دەبارێتە سەر زەوی، نیشانە لەم ئاستەدا بە بۆچوونی پێرس ناکاملە چونکە نیشانە ئەوکاتە نیشانەیە کە ئاماژە بە شتێکی دیکە بکات؛ واتە بچێتە ئاستی واتای ناڕاستەوخۆ، ئەم نیشانەیە وەک هەر نیشانەیەکی دیکە مەعریفەیەکی زۆری لەخۆیدا کۆگاکردووە کە دەتوانرێت لەدووتۆی زنجیرە ڕاڤەکارەکانەوە ئاشکرا بکرێن ئەمەش بە دڵنیاییەوە دەوستێتە سەر ئەو مەوسوعەیەی کە کەسی (ڕاڤەکار) خاوەنیەتی، هەرچەندە لە مەزەندەی پێرسدا نیشانە خۆی تەئویل بۆ خۆی دەکات تەنانەت ئەگەر کەسیش نەبێت تەئویلی بۆ بکات بەڵام تەئویلکردنی نیشانە لەکۆتاییدا هەر هزر دەیکات واتە مرۆڤ دەیکات، کەواتە تەئویل ناکەوێتە دەرەوەی ئەو (خود)ەی کە لێکدەداتەوە "گرنگی تێزەکەی پێرس لەڕووە پراکتیکییەکەیەوە لەوەدایە کە ڕێ بە کارلێکی نێوان هۆشیاری(وعی) و شتەکان، یاخود بڵێین ڕێ بە کارلێکی نێوان ڕاڤەکار و نیشانە دەدات - واتە تەئویلی نیشانە لەبەر ڕۆشنایی تیۆرییەکەی پێرس، کەسی ڕاڤەکار دەکاتە میحوەرێک - ئەمەش گەڕانەوەیە بۆ خود کە ڕوویەکی دیکەی گەڕانەوەیە بۆ بەهاکان" (بلعلی ٢٠٠٧: ٢٤٧) واتە ئەوە (خود) ە کە دروستکەری تەئویلە، شارەزایی و مەعریفەی کەسی ڕاڤەکار دەستەبەری تەئویل دەکەن کەواتە تەئویل دەوەستێتە سەر ئەو مەوسوعەیەی کە کەسی ڕاڤەکار خاوەنییەتی، تەئویلیش لە چوارچێوەی مەوسوعە نەک فەرهەنگ بوارێکی فراوان و فراوانتر بۆ گریمانەی تەئویلی فەراهەم دەهێنێت. پرۆسەی تەئویل لەسەر بنەمای مەوسوعە، (کراوەیی) نیشانەکە مسۆگەر دەکات؛ ئەمەش گونجاوە لەگەڵ (کراوەیی نیشانەی سیمیۆتیکی) و (چەمکی سیمۆسیس)ی پێرسدا. (ئیکۆ) مەوسوعەی وەک خەزێنەیەک بۆ ڕاڤەکاری دینامیکی لەقەڵەمدا کە گەرەنتی بزوتنەوەی سیمۆسیس و بەردەوامییەکەی دەکەن، (عباس ٢٠٢١: ٢١٦-٢١٧) بۆ نموونە نیشانەی (باران)، زنجیرەیەک ڕاڤەکاری تا بێکۆتایی لەخۆگرتووە، لە چوارچێوەی مەوسوعەدا بوارێکی فراوان بۆ تەئویلکردنی هەیە، (باران) واتە زیندووبوونەوەی زەوی پاش مردنی، واتە سەوزبوونی زەوییە کشتوکاڵییەکان، واتە ئەو ساڵە بەروبووم دەبێت و دێتەبەر، واتە هەرزانی و فەرحانی واتە نەمان و کەمبوونەوەی برسیەتی و قاتوقڕی، واتە جووتیار ئەو ساڵە گیرفانی گەرم دەبێت و خەمی ماڵ و منداڵەکەی نابێت، واتە دەبێتە هۆی ئاسوودەیی جەستەیی و دەروونی و هەتا دوایی، بەم شێوە دەبینین نیشانە کۆگای ژمارەیەکی زۆر لە یەکە کولتوورییەکانە، ئەمە پرەنسیپێکە لای پێرس و لادان نییە لێی ئەوەش ئەوەیە "نیشانە شتێکە زانینی دەبێتە هۆی زانینی شتی دیکە، ئەم (زانین)ە ئاماژەیە بۆ (گواستنەوە) لە (ڕاڤەکار) یەکەوە بۆ (ڕاڤەکار)ێکی دیکە" (بریمی ٢٠١٣: ١٧١) ئەم زنجیرە ڕاڤەکارانە تێگەیشتن و زانین و ناسینی نیشانەکە پێکدەهێنن، "نیشانە نیشانە نییە مەگەر بەهۆی تەئویلەکەیەوە واتە دەستنیشانکردنی وەک نیشانەیەکی دیکە بۆ هەمان بابەت و ئەو زنجیرە بێکۆتاییەی نیشانە کە بەهۆی تەئویلەوە دروستدەبن، تێگەیشتنی نیشانەیە، (بلعلی ٢٠٠٧: ٢٣٧) بەم شێوە دەبینین پرۆسەی تەئویل لەدووتۆی ڕاڤەکارەوە چێدەبێت، ڕاڤەکار گوتەیەکی گرنگە لە دیاریکردنی دینامیکییەتی تەئویل و جووڵەی ئەم پرۆسەیە، ئەم زنجیرە وەرگێڕانانەی نیشانە بە نیشانەیەکی دیکە، خودی پرۆسەی تەئویل پێکدەهێنن؛ بەمەش نیشانە تایبەتمەندی و پێناسەی فراوانتر و قوڵتر وەردەگرێت

"هەر گواستنەوەیەک بە جۆرێک لە جۆرەکان برێک لە واتا دەخەنە سەر گواستنەوەی پێشووتری، خاڵی کۆتایی لەم پرۆسەیەدا، (هەڵبەتە کۆتایی کۆتاییەکی گریمانەکراوە، لە چوارچێوەی سیاقێکی تایبەتیشدا)، هەڵدەستێت بە قووڵکردنەوەی مەعریفەمان لەچاو گواستنەوەی یەکەمدا. گواستنەوەکان لە (کۆتایی)دا بابەتەکە قوڵتر و فراوانتر دەکەن بە جۆرێک جیاواز بێت لەگەڵ گواستنەوەی یەکەمدا یان گواستنەوەی پێشووتردا. (بنکراد ٢٠٠٥: ١٨٤) ئەم شێوازە کارکردنەی ڕاڤەکار دینامیکییەتی هزر لە پرۆسەی تەئویلی نیشانەکاندا دەردەخات کە تا بدەیتە دەمیەوە دەڕوات و لەخاڵێکی دیاریکراودا ناوەستێت. ئەمە جەوهەری سیمۆسیس پێکدەهێنێت، "دینامیکییەت بەدەستنایەت مەگەر بە فەراهەمکردنی ڕاڤەکارەوە نەبێت، ڕاڤەکار کە ڕێ بەم دینامیکییەتە دەدات بۆیە دەلالەت پێکدێت، ڕاڤەکار دەبێتە نیشانەیەکی دیکە کە قابیلی تەئویل بێت و ئەم ڕێڕەوە پێکەوەبەستراوە دینامیکییە پێرس ناوی ناوە (سیمۆسیس)،" (بلعلی ٢٠٠٧: ٢٣١) بەمشێوە دەبینین بەردەوامیی سیمۆسیس بەهۆی توخمی ڕاڤەکارەوەیە، بەگوێرەی ئەم دیدگایە نیشانە تاکە واتای خۆبژێو کە خود هەست بە ئاسودەیی بکات، بەرهەمناهێنێت، بەڵکو پرۆسەیەکی واتایی دەوڵەمەند و فرەچەشن دروستدەکات، لەبەرئەوە هەموو گواستنەوەکان هەر لە یەکەم کرداری نواندنەوە مومکین دەبێت، واتە ئەو کردارەی کە نوێنەر لەناو چوارچێوەی جوڵەیەکی سیمۆسیسیدا دادەنێت کە لەسەر بنەمای (ڕاڤەکار) دامەزراوە کە توخمێکی چارەنووسسازە لە بوون و لە دەساودەسکردنی واتادا (بنکراد ٢٠٠٥: ١٢٩) بەمشێوە دەبینین گواستنەوەکان لە ڕاڤەکارێکە بۆ ڕاڤەکارێکی دیکە تا بێکۆتایی بەردەوام دەبن بۆیە لە سیمۆسیسدا هەر نیشانەیەک گریمانەی ڕێڕەوێکی تەئویلی دەکات کە زنجیرە ڕاڤەکارەکان بەرجەستەی دەکەن، پەیوەندی نێوان خاڵی دەسپێک و کۆتایی ناپچڕێت و پارێزگاری لە یەکێتی واتایی نێوان زنجیرە ڕاڤەکارەکان دەکرێت کەواتە زنجیرە وەرگێڕانەکان خاڵی دەستپێک دەوڵەمەند دەکەن و نیشانە پێناسەیەکی قووڵتر و فراوانتر وەردەگرێت.

٣-١ بەردەوامی بەرهەمهێنانی واتا بۆ نیشانەکانی ناو دەقی (کورسی):-

پێش هەموو شتێک، (کورسی) ناونیشانی تێکستێکی واڵایە کە شاعیری مەزنی گەلەکەمان (شێرکۆ بێکەس) لە ساڵی ٢٠٠٥ نووسیویەتی. دەقەکە تێکەڵەیەکی شیعر و چیرۆک و شانۆنامەیە. ناونیشانی (کورسی) دەگەڕێتەوە بۆ کورسییەک کە لە چایخانەیەکی بچووکدایە لەناو شاری (سلێمانی). ناوەرۆکی دەقەکەش بەمشێوەیە: لە شەوێکی زستاندا کۆمەڵێک کورسی لە چایخانەیەکی بچووکدا لەنێو خۆیاندا گفتوگۆیانە. هەر شەوە و نۆبەتی یەکێکیانە ژیان و ڕابردوو و بەسەرهاتی خۆی بۆ ئەوانی دیکە بگێڕێتەوە. ئەمشەو نۆبەتی ئەم کورسییەیە یادەوەری و بەسەرهاتەکانی خۆی بگێڕێتەوە. تەواوی دەقەکە بۆ گێڕانەوەکانی ئەم تەرخانکراوە. کەواتە (کورسی) ڕۆڵی (گێڕەرەوە) دەبینێت لە دەقەکەدا.

لەلایەکی دیکەوە، باسمانکرد سیمۆسیس بە (بەردەوامی)ی لە بەرهەمهێناندا دەناسرێتەوە، سیمۆسیس ئەم تایبەتمەندییەی لە هزرەوە بۆ ماوەتەوە چونکە هزر تۆڕێکە لە پەیوەندیی نێوان نیشانەکان تا بێکۆتایی خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە، ئەو پێناسەیەی کە پێرس بۆ نیشانە کردی ڕەهەندی (بەردەوامی) لە سیمۆسیسدا پیشاندەدات، ئەو جەخت دەکاتەوە نیشانە هەمیشە گریمانەی نیشانەی دیکە

دەکات کە ڕاڤەکارەکەیەتی؛ واتە هەر نیشانەیەک بۆ ئەوەی بە نیشانە هەژماربکرێت پێویستە ڕاڤەکارێک دیاریبکات ڕاڤەکاریش هەمیشە نیشانەیەکە و ئەم نیشانەیەش (ڕاڤەکار)ێکی بۆ خۆی دەبێت و بەمشێوە تا بێکۆتایی، کەواتە توخمی ڕاڤەکار هۆکاری بەردەوامییە لە سیمۆسیسدا؛ لەهەمانکاتدا سیمۆسیس شێوازی ڕێڕەوێکی تەئویلیی یەکلەدواییەکی ڕاڤەکارەکان وەردەگرێت، تا بێکۆتایی نیشانە نیشانە ڕادەکێشێت (قسە قسە ڕادەکێشێت) ئەم زنجیرە بێکۆتاییەی نیشانە لەلایەکەوە پرۆسەی تەئویل پێکدەهێنن لەلایەکی دیکەوە وا دەکات نیشانە پێناسەیەکی فراوانتر وەربگرێت، لەلایەکی دیکەوە تەئویلی نیشانە لەبەر ڕۆشنایی سیمۆسیس، خوێنەر/ڕاڤەکار دەکاتە میحوەرێک لە پرۆسەکەدا. ئێستا لەبەر ڕۆشنایی تایبەتمەندیی (بەردەوامی)ی بەرهەمهێنان لە سیمۆسیسدا کە زنجیرە ڕاڤەکارەکان بەرجەستەیدەکەن، تەئویل بۆ چەند نیشانەیەکی ناو دەقی (کورسی) دەکەین:-

نیشانەی یەکەم:

گێڕەرەوە لە بەشێکی دەقەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم لەناو چایخانەکەدا هیچ گلەییەکی نییە جگە لە شتێک کە بووەتە گرێیەک بۆی، ئەو دەڵێت:

نە داخوازی و نە تووڕەبوون و بۆڵەبۆڵ هیچی نییە/ تەنها شتێک کە ئەم لە دڵیا گرێیە

لەم شوێنەدا ژن ناناسێ و/ ڕۆژێ نایەتە باوەشی

هاوڕێی لەناو ڕەگەزە نەرم و نۆڵەکەی تردا نییە

(بیکەس ٢٠١٦: ١٧)

لەم دەقەدا نیشانەیەک هەیە، خۆی باس لەوە دەکات گوایە هیچ ژنێک ناناسێ چونکە ژنان لەسەر ئەم کورسییە دانانیشن بەڵام ئەمە شتێکی دیکە دەڵێت ئەویش ئەوەیە لە کولتووری کوردەواریدا چایخانە تەنها تایبەت بووە بە پیاوان، ژنان بۆیان نەبووە بچنە چایخانەوە. واتە فۆکەسی دەقەکە لەسەر نەهاتنی ژنانە بۆ چایخانە. چایخانە شوێنی کۆبوونەوە و چاوپێکەوتن و یەکترناسینی کۆمەڵێک خەڵکە بۆ بەسەربردنی کات ڕووی تێدەکەن و بە دەم چاخواردنەوە و جگەرەکێشانەوە دەنگوباس و هەواڵەکانی دنیا دەگێڕنەوە و تاوتوێی دەکەن. چوون بۆ چایخانە لای هەندێک پیاو بووەتە نەریتێکی ڕۆژانە بەتایبەت بەتەمەنەکان و خانەنشینەکان. هەروەها چایخانە شوێنێکی باشە بۆ یەکترناسینی خەڵکی و دۆزینەوەی هاوڕێ. ئەم شوێنە لە کولتووری ڕۆژهەڵاتدا بەگشتی بە کولتووری کوردیشەوە، تەنها تایبەتە بە پیاوان، ژنان ڕووی تێناکەن؛ چونکە ژن خۆی ئاسوودە نابێت لە شوێنێکدا بێت کە لەملاولایدا کۆمەڵێک پیاو دانیشتوون و بە دەنگی بەرز قسەدەکەن و پێدەکەنن و خەریکی جگەرەکێشانن، واتە کەشێکی خۆش نییە بۆ ئافرەت و هەرگیز ئاسوودە نابێت. چونکە ئابڕووی لە ئەماندا نابێت. کولتووری کوردی تێڕوانینێکی دیکەی بەرانبەر ئافرەت هەیە. لە کولتووری کوردیدا پیاوێک قسەیەکی بەجۆرێک بکات بە ئافرەتێک، لە جیاتی پیاوەکە کەچی ئافرەتەکە ئابڕووی دەڕووشێت. ئەمەش بەو مانایە نییە کە هەر کەس لە چایخانەدا بوو ئیتر توانجبازە؛ بەڵام پێشوەختە لەبەرچاوگرتنی ئەگەرەکان کارێکی باشە. بۆیە نابینین ئافرەت بچێتە چایخانەوە چونکە لەناو کورددا قسەیەک هەیە دەڵێت: ئافرەت دامێنی خۆیشی دوژمنیەتی. لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا ئەو ئافرەتەی بچێتە چایخانەوە بە چاوێکی دیکە سەیردەکرێت؛ بۆیە ڕووناکاتە چایخانە.

نیشانەی دووەم:

لە بەشێکی دیکەی دەقەکەدا گێڕەرەوە بەشێک لە قسەکانی باوکی؛ بۆ کورسییەکانی هاوڕێی دەگێڕێتەوە. باسی کاتێک دەکات کە (مەولەوی)ی شاعیر هاتووە لەبن سێبەری باوکی ئەم دانیشتووە و باری دەروونی بەهۆی کۆچی دوایی هاوسەرەکەیەوە، ناجێگیربووە و ئەمیشی کردووەتە گریان. ئەو دەڵێت:

باوکم گێڕایەوە وتی: / دوای مەرگی خاتوون عەنبەر بوو/ لە هەرەتی چڵ و لق و گەڵادا بووم

هاوینێ بوو، جارێک مەولەوی ڕێی کەوتە بن سێبەرم/ غەمگین.. غەمگین

هەر کە لەسەر بەردی بەر دەرگاکەم دانیشت/ وەختێ دەستیکرد بە نووسین

دوو دڵۆپ کەوتنە سەر کاغەز/ بەدوای ئەودا

ئیتر هەرچی چاوی پەلک و گوێزم هەیە / دارژان و کەوتنە گرین! (بێکەس ٢٠١٦: ٢٣)

لەم دەقەدا (ئاکت) سەرچاوەی دروستبوونی نیشانەیە. دەقەکە باسی گریانی (مەولەوی)ی شاعیر دەکات بۆ هاوسەرەکەی بەڵام ئەمە شتێکی دیکە دەردەخات ئەویش ئەوەیە مەولەویی شاعیر هاوسەرەکەی خۆی زۆر خۆشویستووە. پرۆسەی هاوسەرگیری سونەتێکی ژیانە. هاوسەرگیری پەیوەندییەکی هاوبەشە لەنێوان دوو کەسدا لە ڕەگەزی نێر و مێ. شەرعی ئیسلام ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری بە کارێکی باش دەزانێت گوایە هاوسەرگیری نیوەی ئیمانە و مرۆڤ لە حەرامکردن دەپارێزێت. پرۆسەی هاوسەرگیری جگە لەوەی ئارامی و دڵنیایی و سەقامگیری و خۆشی تێدایە، کێشە و هەڵەتێگەیشتنیشی تێدەکەوێت؛ بەڵام پێویستی بە ئارامگرتن و بە چاوپۆشی لێکردن هەیە ئەگینا پرۆسەکە دەوام ناهێنێت. نموونەی بەرزن ئەو هاوسەرانەی دڵی یەکتریان نەڕەنجاندووە و یەکتریان خۆشویستووە و خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیانیان پێکەوە بەشکردووە، بۆیە دەبینین هەندێکجار ئەو هاوسەرانەی کە زۆر یەکتریان خۆشویستووە، بە کۆچی دوایی یەکێکیان، ئەوی دیکەیان بەرگەی دووریی ناگرێت و ئەمیش زۆری پێناچێت دەمرێت. یاخود ئەوەندە خەفەتبار و دڵتەنگ دەبێت دنیا پێیدەزانێت لە نموونەی (مەولەوی)ی شاعیر. دەگێڕنەوە مەولەوی بۆ کۆچی (عەنبەر خاتوون)ی هاوسەری زۆر خەمی خواردووە. لە چەندین شیعردا لاواندوویەتییەوە و نموونەی بەرزی شیعرەکانی مەولەوی ئەو شیعرانەن کە بۆ کۆچی دوایی هاوسەرەکەی هۆنیویانیەتەوە. خۆشەویستی مەولەوی بۆ هاوسەرەکەی نیشانەی ئەوەیە هاوسەرەکەی مەولەوی ئافرەتێکی دانامە و سەلار و میهرەبان بووە چونکە پیاوان جگە لە جوانیی ئافرەتەکە، ئافرەتی تێگەیشتوو و ڕووخۆش و بەڕێز و میهرەبانیان خۆشدەوێت. واتە مەولەوی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی جوانی لە خێزانەکەیدا بەدیکردووە بۆیە ئاوا خۆشیویستووە. دەگێڕنەوە لەدوای مردنی هاوسەرەکەی، مەولەوی غەمگین و پەرێشان بووە و هەمیشە گریاوە. دەوترێت پیاو ناگریێت مەگەر زۆر بەکەمی. ئەگەر پیاوێک بۆ ژنەکەی بگریێت مانای وایە ئەو پیاوە لەناخی دڵییەوە ئەو ژنەی خۆشویستووە بۆیە فرمێسکەکانی مەولەوی بەڵگەیە لەسەر خۆشەویستیی ئەو بۆ هاوسەرەکەی.

نیشانەی سێیەم:

لە بەشێکی دیکەی دەقەکەدا گێڕەرەوە یادەوەرییەکی ئەو کاتە دەگێڕێتەوە کە هێشتا درەخت بووە. لەو ناوچەیەی کە ئەوی لێ بووە کۆمەڵێک ڕووداوی بینیوە. سەردەمەکە سەردەمی

شۆڕشی شاخە واتە ئەو سەردەمەی کە کورد خەباتی چەکداری دژی ڕژێمی بەعس دەسپێکردووە و ڕووی لە شاخ کردووە، بۆمانی دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

لە سەردەمی درەختیما و لە وەختی شۆڕشی شاخدا/ ئەگەر ڕۆژێ بمبیستایە

منداڵێکی ناو ئاوایی بەرکەوتووە / من چڵێکم ئەشکایەوە / ڕیزێ گەڵام هەڵئەوەری

بمزانیایە ژنێک بووە بە سوتماک و بە قوربانیی/ من لێرەوە ئەژنۆم ئەشکا و دائەکەوتم و

هیوام کلۆری تێئەبوو/ ئەو سەردەمەی گەشتوکوزار و هەڵپەڕکێ و

سەیرانیان کوشت، ڕەشبەڵەک و/ شمشاڵیان کوشت....

لە سەردەمی درەختیما / ڕۆژ هەبوو پڕ بوو لە کولە/ چاوی گوێزیان دەرئەهێنا

ڕۆژ هەبوو پڕ بوو لە دووکەڵ/ لەو دارستانە زلەدا هەناسەمان بۆ نەئەدرا

ڕۆژ هەبوو تەم وا ئەنیشتە سەر جەستەمان / ئەمانوت ئیتر مەحاڵە جارێکیتر هەڵسێ و بڕوا

شەو هەبوو هەتا بەیانی گەڵا مردووەکانمان ئەژمارد/ لە ترساندا ئەخزاینە ناو باوەشی یەکترەوە

لەبەر چاومان ئاویان ئەکوشت/ لەبەر چاومان سێدارەیان بۆ هەتاو و "با" هەڵئەخست

لەبەر چاومان داری پیرێژن و داری پیرەمێردیان لە شاخەوە گلۆر ئەکردەوە هەتا

کۆردەرەی بن بنار، لەبەر چاومان دارچنارە کچەکانیان ئەتک ئەکرد

ڕەزە ژنیان تینوو ئەکرد هەتا ئەمرد / چییان نەکرد؟! (بێکەس ٢٠١٦: ٣٠-٣٢)

یەکێک لە تایبەتمەندیی وشە لە شیعردا ئەوەیە "وشە لە شیعردا هەمان ئەو شتانە ناونانێت کە زمان وەک سیستەمێکی ئاماژە ناویان دەنێت. ئیدی وشە لە شیعردا ئاماژە نییە بۆ خودی ماناکان، ئیدی وێنەکان بانگناکاتەوە بەڵکو شتێکی تر و جیاوازتر بانگدەکاتەوە کە تەنیا لە فەزای قەسیدەکەدا مانای هەیە." (عەلی ٢٠٠٢: ٩) بۆیە دەتوانین بڵێین وشەکانی وەک (کولە، دووکەڵ، تەم، گەڵا مردووەکان، ئاو، هەتاو، با، دارچنار، ڕەزەژن) ئاماژە نین بۆ واتا فەرهەنگییەکانیان بەڵکو بۆ کۆمەڵێک واتای دیکە خوازراون، بۆنموونە بەپێی سیاقی بەکارهێنانیان دەتوانین بەمشێوە دیارییان بکەین: (کولە: گولە)، (دووکەڵ و تەم: کیمیایی)، (گەڵا مردووەکان: لاشەی مردووەکان)، (ئاو، هەتاو، با: دیل جا پێشمەرگە بێت یاخود خەڵکی سڤیل)، (دارچنار: کچی کورد)، (ڕەزە ژن: ئافرەتی کورد). گێڕەرەوە لەڕێی بەکارهێنانی دەستەواژەی (شۆڕشی شاخ)ەوە ئاماژەیەکمان دەداتێ بەوەی ڕووداوەکانی ناو دەقەکە پەیوەندییان بەو سەردەمانەوە هەیە کە گەلی کورد دەستی دایە چەک لەدژی حکومەتی عێراقی. لە ماوەی ئەم شۆڕشەدا چەندین ڕووبەڕووبوونەوەی خوێناوی لەنێوان حکومەتی بەعس و پێشمەرگەدا ڕوویانداوە. ئەمە جگە لە چەندین کارەساتی گەورە کە بەسەر خەڵکی سڤیلی کوردستاندا هات و لە دنیادا دەنگی دایەوە. دەقەکە بەرجەستەکردنی کۆمەڵێک کارەسات و کۆمەڵێک پێشێلکارییە کە ڕژێمی بەعس بەرانبەر بە خەڵکی سڤیلی کورد ئەنجامیداوە؛ لەوانە: کوشتنی ژن و منداڵ و لەسێدارەدان و کوشتنی دیل و ئەتککردنی کچان و ئازاردانی بەتەمەنەکان؛ بەڵام ئەمانە ئاماژەن بۆ دڕندەیی و ملهوڕیی ڕژێمی بەعس کە دەستی لە هیچ نەپاراستووە و گوێی بە هیچ یاسایەکی نێودەوڵەتی نەداوە. بۆیە دەتوانین بڵێین واتای گشتگیری دەقەکە یاخود بڵێین گوتاری دەقەکە سەبارەت بەوەیە ڕژێم... تاوانی جەنگی

ئەنجامداوە. ئەوە ڕوونە تەنانەت شەڕیش یاسای خۆی هەیە. دەبینین لە خەمی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە کاتی شەڕدا و بە مەبەستی سنووردانان بۆ ئەو پێشێلکارییانەی کە لە ماوەی شەڕدا دروستدەبێت نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٨ دا (پرۆتۆکۆلی ژنێڤ)ی مۆرکرد کە کۆمەڵێک یاسایە و ڕێگریدەکات لە ئەنجامدانی تاوانی جەنگی. یاساکە بە (یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی) ناسراوە. بەگوێرەی یاساکە دەبێ دەستپارێزی بکرێت لە خەڵکی سڤیل. بە ئامانج گرتنی خەڵکی سڤیل؛ بە تاوانی جەنگی لەقەڵەم دەدرێت. جگە لەوەش بە گوێرەی یاساکە کوشتن و ئەشکەنجەدان یاخود خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ (دیل) دا قەدەغەیە و ئەویش هەر بە تاوانی جەنگی لەقەڵەم دەدرێت. هەموو لایەک پێویستە پابەندی بنەماکانی ئەم پرۆتۆکۆلە بن ئەگینا پێشێلکردنی ئەم هەر یەک لەم بڕیارانە بە تاوانی جەنگی لەقەڵەم دەدرێت. بە پشتبەستن بەم زانیارییانە بۆمان ڕووندەبێتەوە ئەوەی ڕژێمی بەعس کردوویەتی تاوانی جەنگییە. گێڕەرەوە باس لەوە دەکات ئەم ڕژێمە لە شەڕدا بە نامرۆڤانەترین شێوە ڕەفتاری کردووە. هەموو خۆشییەکانی لەم گەلە سەندەوە. دەستی لە ژن و منداڵ نەپاراستووە. دیلی کوشتووە. دەستدرێژی کردووەتە سەر ئافرەت و کەرامەتی شکاندووە. چەکی قەدەغەکراوی کیمیایی بەکارهێناوە. بەڵام باسکردنی هەموو ئەمانە نیشانەی ئەوەیە گێڕەرەوە مەبەستییەتی بڵێت ڕژێم تاوانی جەنگی ئەنجامداوە بەڵام ڕاستەوخۆ وا ناڵێت بەڵکو لەڕێی نیشانەوە تێدەگەین گێڕەرەوە دەیەوێت زیاتر لەو شتە بڵێت کە بە وشە دەریبڕیوە چونکە (نیشانە) پرەنسیپێکە لە توانایدایە زیاتر لەو شتە بڵێت کە ڕاستەوخۆ دەلالەتی لێدەکات.

نیشانەی چوارەم:

لە بەشێکی دیکەی دەقەکەدا، گێڕەرەوە باسی بابەتێکمان بۆ دەکات؛ ئەویش ئەو کاتەی ئەم لە باڵکۆنی ئەو ماڵە بووە کە کوڕێکی عاشقیان هەبووە. ئەم کوڕە عاشقە هەمووجار لەسەر ئەم... تاری ژەندووە. گێڕەرەوە باسی ڕۆژێک دەکات کە ئەم کوڕە میوانی هاتووە. ئەو دەڵێت:

ڕۆژێک عاشق میوانی هات، میوان هاتە ناو باڵکۆن و ئۆکۆردویۆنێ بە سنگەوە، میوانێکی زۆر بۆنخۆش بوو

بۆنی گەردنی مریەم و بۆنی خاچەکەی مەسیح و بۆنی مۆردی ماڵی کەریمی ئەلەکە و بۆنی "ئەبونا"ی لێئەهات

گەنجێکی کەمێ گردەڵە، مەدالیای سەلیبێکی کردبووە مل

تا ئەو کاتە من نەمدیبوو هیچ میوانێ هێندەی / ئەم مۆسیقارە لەلای عاشق خۆشەویست بێ

من ئەڵێم دە ئێوە بڵێن سەد ماچی زیاتر کردووە، گوێمگرت

بزانم ئەم کوڕە ناوی چییە؟ بووبوو بە مەراق لە دڵما

چایان هێنا هەروا بۆ چەند دەقیقەیەک / ئۆکۆردویۆنی لە باوەشی مندا دانا، دەرفەت ڕەخسا و

چرپاندم بە گوێی ئۆکۆردویۆندا: لێمببوورە ناوی خاوەنەکەت چییە؟

من واموت و ئیتر ئۆکۆردویۆن توورەبوو ڕقی هەستا و یەک زیقەی درێژی کردوو

ئینجا وتی: تۆ کورسییەکی زۆر گەوجی زۆر بێئاگای

ئاخر هەیە لەم شارەدا نەزانێ کێیە (ولیەم یوحەنا) (بێکەس ٢٠١٦: ٤٢-٤٣)

گێڕەرەوە دیمەنی میوانداریکردنێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لەڕێی (کارەکتەر)ەوە کۆمەڵێک واتای لێدەخوێنرێتەوە. واتە کارەکتەر بناغەی واتا پێکدەهێنێت. لای (فیلیپ هامون)ی سیمیۆلۆژیست؛ کارەکتەر نیشانەیە و دەستەدات بۆ شیکارکردن. "کارەکتەر لای (فیلیپ هامون) لە دال و مەدلول پێکهاتووە بۆئەوەی ئیشی ناردن (وظیفة الارسال) لەناو دەقدا ئەنجامبدات. ئەو پێیوایە چەمکی کارەکتەر یەکەیەکی واتاییە گوایە مەدلولێکی بەردەوامە و گریمانەی ئەوە دەکات کە ئەم مەدلولە قابیلی شیکار و وەسفکردنە. کارەکتەر لەو واتا و لەو ڕستانەوە دروستدەبێت کە دەریدەبڕێت یاخود ئەوانی دیکە دەریدەبڕن لەبارەیەوە." (بوفنغور ٢٠١٠: ٥٧) لەم دەقەدا گێڕەرەوە لە چەند ڕەهەندێکەوە کەسایەتی (ولیەم یوحەنا) ئاشکرادەکات؛ لەوانە: ڕەهەندی فسیۆلۆژی گوایە گەنجێکی کەمێک گردەڵەیە، هەروەها ڕەهەندی کۆمەڵایەتی گوایە هونەرمەندە و ئۆکۆردیۆنی پێیە و هەروەها سەلیبێکی لە ملدایە واتە بە ئایین کرستیانە. ئەمانە بەشداریدەکەن لە پێکهێنانی کارەکتەردا. بۆیە ئەو پێناسەیەی کە لەڕێی وەسفەکانی گێڕەرەوەوە بۆ کەسایەتیی (ولیەم یوحەنا) دەیگرین ئەوەیە کرستیانێکی هونەرمەند و پاکوخاوێن و بۆنخۆش بووە. (کارەکتەر) لەم دەقەدا سەرچاوەی بەرهەمهێنانی واتایە و لەڕێیەوە چەند نیشانەیەک دروستبووە ئەوانیش: لە شاری سلێمانیدا جگە لە موسڵمان، پێکهاتەی کرستیانیش دەژی و پێکهاتەیەکی دیارن لە شارەکەدا و چەندین کەسایەتیی بەناوبانگیان لێهەڵکەوتووە. لەوانە (کەریمی ئەلەکە) کە وەزیری دارایی بووە لە حکومەتەکەی (شێخ مەحمودی حەفید)دا. هەروەها نیشانەیەکی دیکەش ئەوەیە کرستیانەکان کەسانی هونەرمەند و ڕۆشنبیر و پاکوخاوێنن. لە هەموو سەرەکیتر نیشانەیەکی دیکە ئەوەیە لەو شارەدا پێکەوەژیانی ئاشتییانە بوونی هەیە. پێکەوەژیانی ئاشتییانە واتە خەڵکانێک سەرەڕای جیاوازیی ئایینی یا مەزهەبی یا زمان و نەژاد و ڕەنگ، بەبێ ناکۆکی و ئاژاوە لەگەڵ یەکتردا لە کۆمەڵگەیەکدا ژیان دەکەن و مافی یەکتر پێشێل ناکەن و ڕێزی یەکتر دەگرن. بەمشێوە کۆمەڵگە لە توندوتیژی و لە دووکەرتبوون پارێزراو دەبێت. خۆشبەختانە لەدێر زەمانەوە کوردستان وڵاتی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبی بووە. کوردستان لەڕووی فرەئایینی و مەزهەبی و نەتەوەییەوە دەوڵەمەندە. پێکهاتەکانی کورد و عەرەب و تورکمان و کلد و ئاشووری و ئەرمەنی، ئایینی ئیسلام و مەسیحی و یەزیدی و کاکەیی، هەموویان دەوڵەمەندیی کولتووریی کوردستان پیشاندەدەن. لەناو ئەم فرەییەدا (کرستیانەکان) بەشێکن لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا و لە هەندێک لە شار و شارۆچکەکاندا بڵاوبوونەتەوە. لەناو شاری (سلێمانی)شدا بە هەمان شێوە. ئەم شارە... نموونەییە لە پێکەوە ژیانی ئاشتییانە. لەم شارەدا گەڕەکێکی تایبەت نییە کە کرستیانەکان لێی بژین بەڵکو بە هەموو شارەکەدا بڵاوبوونەتەوە و جیاوازی نییە لە کام گەڕەکدا دەژین واتە تێکەڵبوونە لەگەڵ موسڵمانەکاندا و بەیەکەوە دەژین و ڕێزی یەکتر دەگرن و هاتوچۆی یەکتر دەکەن و ناپەرژێنە سەر جیاوازیی ئایینی. هەروەها لە جومگەکانی بەڕێوەبردنی شارەکەشدا بەشدار بوونە. یەکێک لەوانە (ئەبوونا) بووە کە لە بنەڕەتدا ناوی تەواوی (یوسف پەری) بووە. قەشەی شاری سلێمانی بووە و ئەندامی شارەوانی ئەو شارە بووە. یەکێکی دیکە لە کەسایەتییە کرستیانە ناودارەکانی سلێمانی (ولیەم یوحەنا) بووە کە ناوی لە مێژووی هونەریی ئەم شارەدا دەدرەوشێتەوە.

ئەم کەسایەتییە مامۆستای مۆسیقا بووە. سروودی فێری منداڵان کردووە. لەکۆتاییدا... ئەو واتایەی لەم میواندارێکردنەدا دەیخوێنینەوە، پێکەوەژیانی ئاشتییانەیە. ڕەنگە گێڕەرەوە زۆر دیمەنی دیکەی میواندارێکردنی بینیبێت بەڵام مەبەست لە باسکردنی ئەمەیان، بەرجەستەکردنی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتە ئایینییە جیاوازەکانە. بەمشێوە... لەڕێی نیشانەوە تێدەگەین گێڕەرەوە دەیەوێت زیاتر لەو شتە بڵێت کە ڕاستەوخۆ بە وشە دەربڕیوە.

٤- ئەنجام

١-بەردەوامیی بەرهەمهێنانی واتا لە سیمۆسیسدا شێوازی ڕێڕەوێکی یەکلەدوایەکی زنجیرە ڕاڤەکارەکان وەردەگرێت، چونکە تا بێکۆتایی نیشانە نیشانە ڕادەکێشێت. لەم شێوازەدا پرۆسەی تەئویل دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی مەعریفەیەکی قووڵتر لەبارەی واتای نیشانەوە. هەر بۆیە لەدووتوێی تەئویلکردنی نیشانەکانی ناو دەقی (کورسی)یەوە واتا و مەعریفەی فراوان بەرهەمهاتووە ئەمەش بۆ سروشتی هزر و سروشتی واتا دەگەڕێتەوە کە تا بێکۆتایی کراوەیە.

٢-تەئویلکردنی نیشانە پشت مەوسوعەی ڕاڤەکار دەبەستێت. بۆیە مەزەندەکردنی واتای هەر نیشانەیەک دەوەستێتە سەر کارامەیی و توانستی مەوسوعەیی کەسی ڕاڤەکار. هەربۆیە تەئویلکردنی نیشانەکانی ناو دەقی (کورسی) بەگشتی ڕەهەندی کولتووری و مێژووییان وەرگرتووە. کولتوور و مێژوو دوو سەرچاوە و دوو دەرچەی گرنگن لە هەڵگرتنەوەی واتای نیشانەکاندا.

٣-سیمۆسیس ڕێکارێکە بۆ گرتنی واتای دەق بەشێوەیەک دەتوانین ئەوەی لەڕووە و ئەوەی شاراوەیە، دربکیبکەین. واتە سیمۆسیس تیۆرییەکی گونجاوە بۆئەوەی لەژێر چەمکەکەیدا بەدواداچوون بکرێت بۆ هەڵدانەوەی واتا شاراوەکان لەناو دەقی (کورسی)دا. دەقەکە لە ڕووکەشدا وا دەردەکەوێت باسی کۆمەڵگە و باسی ڕووداو و کارەساتەکان دەکات، بەڵام کاتێک تەئویل بۆ نیشانەکان دەکەین، بۆمان دەردەکەوێت دەقەکە هەڵگری واتای دیکەیە. بەمشێوە... لەڕێی نیشانەوە تێدەگەین شاعیر دەیەوێت زیاتر لەو شتە بڵێت کە ڕاستەوخۆ بە وشە دەربڕیوە. کەواتە سیمۆسیس تیۆرییەکی گونجاوە بۆئەوەی جگە لە دیوی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا، پەردە لەسەر دیوە شاراوەکەی واتاش هەڵداتەوە.

سەرچاوەکان

به کوردی

- بێکەس، شێرکۆ (٢٠١٦)، کورسی. سنە: ناوەندی بڵاوکردنەوەی نیشتیمان.

عەلی، بەختیار (٢٠٠٢)، گەڕان بۆ ماناکانی دیکەی شیعر، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٧٢.

-خۆشناو، سەرباز مجید (٢٠١٩)، سیمیۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەکانی (نەزاد ڕەفعەت)دا. هەولێر: نووسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

به عەرەبی

-بنكراد، سعيد (٢٠٠٥)، السيميائيات و التاويل مدخل لسيميائيات ش.س.بورس، الدار البيضاء، المركز الثقافى العربى.

-بنكراد، سعيد (٢٠١٢)، السيميائيات مفاهيمها و تطبيقها، اللاذقية، دار الحوار للنشر و التوزيع، ط٣.

-بورايو، عبدالحميد (٢٠٢٢)، الخلفيات النظرية للسيميائيات، عمان، دار كنوز المعرفة للنشر و التوزيع.

-تشاندلر، دانيال (٢٠٠٨)، أسس السيميائية، ت. وهبة. طلال، بيروت، المنظمة العربية للترجمة، الطبعة الأولى.

-شيفير، جان مارى و عياشى، منذر (٢٠٠٤)، العلاماتية و علم النص، الدار البيضاء، المركز الثقافى العربى.

-بن يخلف، نفيسة (٢٠٠٩)، السيميائيات التداولية قراءة فى السيميائيات ش.س.بورس، رسالة ماجستير، جامعة وهران، كلية الآداب و اللغات و الفنون، قسم اللغة العربية و آدابها.

-بوفنغور، نادية (٢٠١٠)، رواية كراف الخطايا لعبدالله عيسى لحيح مقاربة سيميائية، رسالة ماجستير، جامعة منثورى قسنطينة، قسم اللغة العربية و ادابها.

-شاطو، جميلة (٢٠١٣)، النزعة الأيقونية و تطبيقاتها فى السيميائيات المعاصرة، رسالة ماجستير، جامعة وهران، كلية الآداب و اللغات و الفنون، قسم اللغة العربية و آدابها.

بريمى، عبدالله (٢٠١٣)، السيميوزيس و التاويل، انتاج المعنى و بناء الواقع و اشتغال المجتمع. مجلة سمات، ١(١).

بلعلى، آمنة (٢٠٠٧)، سيميائية شارلز ساندرس بورس قراءة أولية. المجلة الجزائرية للأبحاث و الدراسات، ٣(٣).

بوجليدة، رشيدة (٢٠٢٣)، السيميائيات التأويلية عند سعيد بنكراد. مجلة كلية اللغة العربية بالمنوفية، Issue ٣٨.

عباس، محمد الطاهر (٢٠٢١)، السيميوزيس البورسية فى منظومة ايكو السيميائية. مجلة التأويل و تحليل الخطاب، ٢(١).

عوض، سامى و يوسف، ميساء شيخ (٢٠١٥)، التأويل السيميائى بين مقصدية المتكلم و حدود المؤول. مجلة جامعة تشرين للبحوث و الدراسات العلمية، ٣٧(٤).

ضربان، مريم و مختارى، فاتح (٢٠٢٠)، تشظى المعنى فى عصر التقانة: من حدود التأويل الى تأويل السائل. مجلة الرسالة للدراسات الاعلامية، Issue ٢.

مهديوى، ابراهيم (٢٠١٨)، التأويل رافعة للمعنى فى الخطاب الشعرى الحديث. مجلة (لغة- كلام). -مختبر اللغة و التواصل- المركز الجامعى بغليزان، الجزائر. Issue ٧.

أتكين، البرت (٢٠٢٢)، (٢٠٢٢/٦/١٢)، نظرية بيرس فى العلامة، https://hekmah.org ، ٢٠٢٤/٦/١٠.

**الملخص**

يحمل هذا البحث عنوان (استمرارية انتاج المعنى فى ظل سيميوزيس للعلامات فى نص (كورسى) لشيركو بيكەس)، انه محاولة لمناقشة و لتوضيح كيفية انتاج المعنى/المعرفة. يعكس اسلوب عمل سيميوزيس نفس طريقة التفكير و لهذا الغرض حاولنا شرح دور العنصر (المؤول) للعلامة الذى يعادل مفهوم (الحوار الفكرى)، باعتباره له دور رئيسى فى آلية الاستمرارية فى انتاج العلامات. من جهة أخرى يتناول هذا البحث كيفية تنفيذ عملية تأويل العلامات داخل النص الأدبى فى ضوء العمل السيميوزيس المتواصل، و لهذا الغرض، أخذنا نص الشاعر العظيم (شيركو بيكەس) و حددنا عدة علامات و لقد فسرنا العلامات على الطريقة التى يعمل بها الفكر فى انتاج المستمر للمعنى/معرفة.

**الكلمات المفتاحية:** العلامة، السيموزيس، المؤول، الفكر، النقد الجديد.

**Abstract**

This paper is entitled (Continuity of Meaning Production under the Semiosis Ray for Signs in the Text of (Kursi) by Shirko Bekas), this paper is an attempt to discuss and to explain how meaning/knowledge is produced. The working of Semiosis reflects the same working of though, for this purpose we have explained the role of (Interpretant) element of the sign which is equal to the concept of (though dialogue). This paper also examines how the process of sign interpretation in literary text is carried out in light of though/mind continuous working, for this purpose we took the text of (Kursi) by (Shirko Bekas) and we have identified several signs and we have interpreted the signs by the way that though//mind works in continuous production of meaning/knowledge.

**Keywords:** Sign, Semiosis, Interpretant, thought, interpretation.